هەموان لە پاتەکی گۆگڵ-ەوە هاتووینەتەدەر .. نووسینی: یوسف عزەدین

{ ئەو بوونەوەرانەی کەلە پشکنەری گشتی- و – دەروونە مردووەکان- ی گۆگڵ-دا لە بەرچاوماندا بەرجەستەدەبێت؛ هیچ نین؟! کەهیچیش نەبن، کەواتە هەموو شتەکن!؟} ئەمیل سیەران-١-

گۆگڵ ئەو ئەدیبە کەپووە باریکە قژخاوە سەرنجڕاکێشەیە، وەک لەوێنەکانی گەنجێتیدا بەبزەیەکی شاراوەی سەر لەوەکانییەوە تەمان دەداوانە؛ گەر پێشتر نەزانین کەئەو هەوە، هەنگە بەوخساریدا وابزانین، یەکەکە لەنیگارکێشە وردبین و باشکانی یەکەک لەقوتابخانەکانی وێنەکێشان. هەربۆیە ئەوانەی ئەویان لەدنیای گۆگڵانەوەدا بەنیگارکێشکی بەسلیقەو شارەزای وێنەکردنی سیما و ئاکارەکانی مرۆڤی تەکشکاو و تەریک و داماو ناساندووە، بەهەڵەدا نەچوون و بگرە دەتوانم بڵێم؛ گۆگڵ لەدنیای گۆگڵانەوەدا جۆرە نیگارکێش و نەخشێنەرێکی تایبەتی پەرتەتی کاراکتەرە ئەنتی هەرەکانییەتی، لەگەڵ ئەو ڕاستیە تراژیدییە پەردەپۆشکراوەی کەلەبەرەو پشچوونی هوودارە بەووکێش تەنز ئامێزکانیدا لامان ڕەشن دەبەتەوە، بەگومان تەکنە بەشوازێکی خستنەووی ئیغتیرابی، بەناو ڕیالیستی و کەمەدی، بەناو جوداو جیاواز و ترازاو لەزەربەی چەشنە نووسینەکانی پشووتری دنیای ئەدەبیاتی ڕوسی و بگرە جیهانیش!

مایەی پرسیاریشە کاتێک چەند بەیتە شیعرێکی پووشکین-م بیردەکەوێتەوە؛ باس لەوە دەکات هەندێک بەیتە شیعر بە فەداننە نەو ئاگر دەنووسێت؟! واتە هەندە پڕو لەناخەوە بەدیان فیکرەو دەربڕین و دەستواژەو وێنەی شیعری ئەخەی پەدەگرن؛ دەتوانێت هەندێک لەو گوزارشت و دەربڕین و وێنانەی کەلەنەو دڕو بەیتەکاندا دایان دەڕێژێت و دەیانووسێت، پێش ئەوەی کەس بیانبینێت هەڵیانداتە نەو ئاگرەوە.. بەیە دەبێت لاشمان سەیر نەبێت، کاتێک پاش خوێندنەوەو قاڵبوونەومان لەدنیای گۆگڵ-دا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کەهەردوو فیکرەی تەکستی، پشکنەری گشتی و دەروونە مردووەکان-ی لەپووشکینەوە وەرگرتوە.. یان بابڵێین پووشکین ویستوویەتی بەرەو ئاڕاستەی ئەو جۆرە نووسینەیدا بڕوات و لەکاتێکدا خەی بچێشن وشوازێکی تر نووسیویەتی و ئەمش بەشکە لەبلیمەتی و داهێنانی

لەبن نەهاتووی زاتێکی وەک پووشکین و هەر ئەویش بووە کەهەر لەسەرەتاوە بەتە ناسنەری سەرکی گێگڵە و لەبواری نووسیندا دەستگیریی کردووەو هەندێک لەبابەتکانیشی بە بەاوکردەتەوە. هەر لەسەرەتاوە درکی بەبلیمەتی گێگڵە؛ لەبواری گڵانەوەدا کردووە. هەر بەیە کاتێک گێگڵە تێکستی "پشکنەری گشتی" دەنووسێت، ئەوەی لەیاد ناچێت لەزاری کەسایەتی سەرکی تێکستێکیەوە کەناوی خلیستیکەف-ە، گەورەیی پووشکین نیشان بدات؛ کاتێک بە خەگورەکردنی خەی لای خێکەسادەکە، ئاماژە بەوە دەدات کەلەپترسبەرگ تەنانەت هاوڕێی کەسایەتییەکی مەزنی وەک پووشکین-یشە-٢-
ئەوەی تا ئێستاش لەبارەی پەیوەندی پەزەتیفانەی گێگڵە و پووشکین-ەوە، خراوەتەوو، لەلایەن زۆربەی تیۆرەران و ئەدیبانی ڕوسەوە سەلمێنراوە، تەنها کەسێک کەلەم یاسایە لادەدا، دەرهێنەری بەناوبانگ –ئایزنشتین-ەو ئەو پەی وابووە گێگڵە هەڵگری ئەرێیی و حەسادەتێکی شاراوە بووە بەرانبەر بەپووشکین و هەر ئەوەشە وای لێکردووە، شتێکی دژ و جودا بشەوازی نووسینی ئەو دابهێنێت؟!-٣-
بەڕام ئەم ڕاوبۆچوونەی ئایزنشتین، تا ئێستا تەنهاو تەریک ماوەتەوەو پێناچێت وابەئاسانی کەسانێکی ئەکادیمی و شارەزا، لەئەدەبیاتی ڕووسیدا؛ بچنەپاڵ ڕاست و دروستی ئەوەی وروژاندوویەتی؟!
پێش ئەوەی بەتەواویی ڕابچینە نێو بابەتکەمان و سەفەر لەتێک بەسەرهاتی پاڵتەکەی گێگڵە-دا بکەین، دەشێت کەمێک باسی ڕاستکردنەوە، یان لابردن و جێکردنەوەو تەنانەت سینەوەی هەندێک وشەی ناتەواو و دروستکراوی نێو دنیای ئەدەبیاتی کوردی بکەین.

هەژار-ی زمانزان و لێکۆڵەر لەبەرایی هەمبانە بۆرینە-کەیدا دەڵێت:
{ بۆناوی کوردایەتی تۆخ، لەزمانە بەستەزمانەکەی، وا لاواز و پەرەوازەو بە خودانمان بوونە مەمە، قسل بەقسل و چە بچڕی زەر بەوردی دەپشکنن و هەر وشەیەک بۆنی عارەبییەکی کۆنی یان فارسییەکی مردووی هەزار ساڵەی لێ بێت، ئەو زانا کورد پەروەرانەی پێ شێت دەبن. وەک دزێکیان لێنەو کادێن دا گرتبێ، دوشمنی ڕای ئیمانت بێ، چی پێ دەکەن! هەروا چەقۆیەو لەی دەسوێن، دەیدەنێ بەر پلار و جوێن، کارەکی بەسەردا دەهێنن دەم بەژنی خەی نەکردبێ. ئاوەوی وەژەری وشکەش بەمەردەی کاوەای پیوازفرۆش ئەوێن! مەڕ قەڕەم! بەژێ پێنوس.. مەژێ کاغەز! بوژێ تێنوس.. نەبەژ دەفتەر! بێ پەڕاو...}
ئیتر هەر لەدرێژەی ئەو ڕیتمی دەستکاریکردن و ئاوەژووکردن و هەگبەڕانەوەو شەواندن و دروستکردنی زاراوەو وشەی نوێی زوبانی کوردیشدا، کەسێک دێت و مام + وەستا.. لەک دەدات و دەیکاتێ

مامەستاو بە ئاوەی بیری لێو کردبێتەوە، ئەی چۆن دەبێت هەمان وشەش بە مانەش بەکاربهێنرێت؟! کەچی داخەکەم بە پرسیارکردن و هەوەستە لەسەرکردنەکی جدی وا سانەکە سەپێنراوەو بەکار دەهێنرێت!؟
کەسێک دەست و وشەیەک بنەاوی ڕەخنە-وە فۆڵ دەداتە نووسینەوەو بە ئاوەی ئاسۆ و فەسڵی وشەکە ڕەشن بێت و لەزمانی کوردیدا شوێنجگەیەکی لێو پشی هەبووبێت، کەچی تا ئێستا بەیکردووەو ئیدی دیار نییە، کەی دەتوانین شتێکی نوێی لەجۆ بەکاربهێنین.

سەبارەت بەوشەی –چی+ەک- یشەوە؛ پەدەچێت بایەکی نیمچەحیکایەتباز، لەبەروارێکی نەزانراودا هاتبێت و وشەیەکی لەکدراوی لەچی + ناوەک دروست کردبێت و لەو ڕۆژەوە گەانەوەی حیکایەتی بشەوە تەکنیکییەکەی ئێستای؛ ناو نابێت چی+ ەک و نووسەرەکەشی ناو نابێت، چی- ەک- نووس؟!
کوردەکی بەوبەختی خاوەن سەدان حیکایەت و سەرگوزشتە و ئەفسانەو داستان و بەسەرهاتە گەانەوە، بێیت ناوەکی لەکدراوی دروستکراوی ناقەا بەسەر کاریگەرترین ژانرەکی ئەدەبیی نیمچە ئەنتەلەژییانەی ئەودا بسەپێنیت.. کوردەک تەنها شوێنەوارەک لەمەژووەکەی ڕاشکاوانە مابێتەوە، زمانەکەیەتی و مانەوەی چەندین ساڵەی زمانەکەشی لەڕەی گەانەوەکانییەوە بووەو دەبێت بە نەتوانێت وەک فارس؛ کورتە داستان و داستانی درێژ یان باڵا بەکاربهێنێت.. یان گەر وشەی حیکایەت، بەجۆرێ گەانەوەیەکی کۆن و تەقلیدی دێتە پشچاو! خۆ دەکرا وشەیەکی کوردیی پە مەغزاو مانای وەک – بەسەرهات-ی لەجۆی چی+ەک بەکارهێنابا!؟

بەیە وەک خۆم؛ دەمەکە پەم وایە گەانەوە بە خودی وشەی گەانەوە، سەرد- نەڕەیتیف Narrative دروستترەو لەزمانی عەرەبیشدا بە تەکستە نوێیەکانی ئەم دواییانەی نووسەرانیان زیاتر سەردو بە نووسەرەکشی سارید بەکاردەهێنرێت و ئەمەش دەتوانین ئینگلیزییەکەی Narrator بەکار بهێنین لەجۆی گەەوەو ئیدی ژانرە ئەدەبییە سەردیەکانیش لە کورتە نەڕەیتیف و نەڤەڵلاو ەمان-دا بناسینرێت، یان بەهەر شێوازێکی تر کەجودا بێت لەوەی سانەکە سەپێنراوە.
ڕەخنەگری ئەمریکی – جودیت لایبوفیتز- لەکتێبی (سەردو مێستدارێتی لەنەڤەڵلادا) ئاماژە بەتەکە کردنی نەڤەت و نەڤەڵلا و کورتەمان و بەکارهێنانیان وەک ئاوەی یەک شت بن دەکات! لەکاتێکدا کورتەمان کورتکراوەی ەمانە و نەڤەت درێژکراوەی کورتە

نەریتیف-ە، بەڵام نەڤەللا ژانرێکی تایبەت بەخۆیەتی و زیاتریش لەئەدەبیاتی ئەوروپیدا ناسراوترە وەک لەئەدەبیاتی شوێنانی ترو تایبەتە بەووداوە کارەساتبار و بابەتە سەرنج ڕاکێشە کاریگەرەکان، بەدەر لەو درێژدادی و فەە و تەەکەیی لەنووسینی ەەماندا بەکاردەهێنرێت، بەمەبەستی درێژکردنەوەی؛ بەشێوەیەک کەدەبێتە حەشووکردن و داگیرکردنی قەبارەی زیاتر!
نەڤەللا لەئەەمانیا لەسەردەستی؛ (هنریک ڤۆن کلیست و گەرهارت هەبتمان و تەماس مان و کافکا)، گەیشتە ئاستێکی باڵا و لەنمونەی نەڤەللاش؛ مەسخ-ی کافکاو -لەبارەی پیاوان و مشکەکان-ی جۆن شتاینبێک و –مەزرای ئاژەڵان-ی جۆرج ئۆرویل و –پیرەمێردو دەریا-ی هەمینگوایی و –کۆلۆنەل کەسی نییە نامەی بۆ بنێرێت-ی گابریل گارسیا مارکیز، شایانی ئاماژە پێدانن.


بۆ هەرحاڵ با لەڕووی بگەڕێینەوە سەر بابەتە سەرەکییەکەمان، سەبارەت بەگۆگۆڵ و دەشت بەڵین، ئاوەکی بەڕەگەز ئەکرانی، هەر لەسەرەتای نووسینەکانییەوە تا دواییەکانی تەمەنیشی زۆر تەختر هەست بەوە دەکرێت، پرسیارگەل و پێبلەمە ئینسانی و ئیشکالە فەلسەفی و ئەنتەلەژیەکان لەدنیای ئەودا؛ بەپلەی یەکەم جێی خۆیان کردەتەوە و بەتایبەتیش پاش فەشەل هێنانی لەبەاوکردنەوەی قەسیدەماڵی (هانزکولگارتن) و کێنەوەی سەرجەم نوسخەکانی و هەڵهاتنی بۆ دەرەوەی وڵات و پاشان گەڕانەوەیی و بەاوکردنەوەی کتێبی(شەوانە ئاهەنگ لەمەزرای نزیک دیکانکا)ی هەڵهێنجراو لەفەلکلۆری ئەکرانی و بەپشت بەستن بەزۆر لەگەڕانەوە حیکایەتکانی دایکی.. بەم کتێبەشی توانی شکستی پێشووتری لەبواری نووسیندا بسڕێتەوە و جەدیانە جێی خۆی بکاتەوە و ئیدی لەڕووە ئیدامە بەکارەکانی داهاتووی خۆشی بدات.

دەگمەن؛ ئەو ئەدیبانەی کەتوانیویانە لەتەمەنێکی کورتدا وەک گۆگۆڵ، بگەنە ئاست داهێنانی شێوازێکی نوێ لەنووسینێکی ڕیالیستییانەی تژی لەتەنز و کۆمەدیایەکی هاوتا لەگەڵ بەتامبوون و وەرانبوونی زیندەگی بنیادەمان و نغرۆبوونی لەەتینەاتی دووبارەبوونەوەو سووانەوە لەنێو بازنەکانی بیرکراتییەت و ەەهایی دەسەاتە تەتالیتارەکاندا.
کاراکتەری ئەنتی هەرۆی نەریتیفی –پاڵتە- ی گۆگۆڵ، ئەکاکی ئەکاکیفیچ-ی فەرمانبەر، لەبوونە کۆمەایەتییەکەدا وەک نەبوو ئەژمار دەکرێت و هەر لەسەرەتای بەسەرهاتی لەدایک بوونییەوە، کێشەیەکی زۆر لەچییەتی ناونانییەوە پەیدا دەبێت و پاش هەڵدانەوەی

تەقویمی ئەرسەزکسی بەمەبەستی دەزینەوەی ناوەکی گونجاو بێ، کەچی ناو بە ئەو دەبەتە قاتی و لانەو کەمەک ناوی ناقوڵای وەک (تریقللاو دلاوقارکاش و بافیکاخی و فاختیسی)، بەیار دەدرێت جارەکی تر ناوی باوکی لەبنرێتەوەو بەمەش ناوی دەبەتە ئەکاکی ئەکاکیفیچ و لەووسیشدا بەپیسایی دەوترێت ئەکاکی و هەروەها نازناوی خەزانەکەشی –باشمچکین- وەک لەخودی گیانەوەی پاتە-دا ئاماژەی پێدراوە: (بەووونی و ئاشکرایی دیارە لەوشەی باشمک-ەوە وەرگیراوە، کەبەواتای پێاو دێت لەووسیدا..)-٤-
کاتێک ئەم کەسایەتییە لەتەکستە گیانەوەی پاتە-دا بەتەواویی دەخرێتە نەو زەلکاوی هیچ بوون و پەراوێزەو ئیدی ئاکاکی ئەکاکیفیچ بەجەرەک لەجەرەکان ون دەبێت و پاتە دەبەتە کاراکتەری سەرەکی و ناکرێت لانەو ئەو سەرما کوشندەیەی ڕوسیادا هیچ شتێک لەپاتە گرنگتر و بەئەهمیەتتر و جوانتر و گەرمتر و بەقیمەتتربێت، ئەو هەموو شتەکەو تەنانەت کاتێک –بیترۆفیچ-ی بەرگدروو، پاتەکە بە ئەکاکی ئەکاکیفیچ دەدرووێت و پاش پرۆژەپێکردن و تەواوبوون و لەبەرکردنی لەلایەن ئەکاکی-یەوە دوور و نزیک وەدووی دەکەوێت و بەشاگەشکەییەوە دەوانێتە ئەو توحفەیەی کەپاتەیەو خەشی وەستا بەرگدروو کەیەتی!؟

ئیدی هەر ئەم پاتەیەشە دەبەتە سەبەبکاری داوەتکردنی زەرملیانەی بە داوەتکی شەوانەی یەکێک لەکەسایەتییە هەبووکانی نەو فەرمانگەکەیی و دواجار گیانەوەی درەنگ وەختی و دزرانی پاتەکەی لەکیانکی تاریکدا!؟
پاش دیمەنی دزرانی پاتەکە؛ خوێنەر خەی لەدەبەتە کاراکتەرە بە پاتەکەو بەو سەرمایە هاوار بەچوار دەوری خەیدا دەکات و ناڵەو سەدای دەگاتە هەر گوێیەک کەمەبەستی بێت، گوێادەرێت بە ئازاری قووڵی هەموو ئەوانەی وەک ئەکاکی ئەکاکیفیچ، چ پاش دەردەسەرییەکی زەر دەتوانن ببنە خاوەن پاتەیەکی نوێی شایستەو چ ناشتوانن لانەو شلەقەی یاساکانی دەوڵەت و خافڵبوون و گوێپێنەدانی پۆلیس و پاسەوانەکاندا، نەهێن پاتەکەیان بدزرێت! کاتێکیش بە پاتە دەمێنێتەوەو بەمەبەستی دزینەوەی دەگاتە لای –کەسایەتییە گرنگەکە- و ئەویش بەجەرەک تێی دەخووڕێت و دەریدەکات، کەئیدی هیچ هیوایەکی بە نامێنێتەوە، جگە لەمەرگ و بەیە دەمرێت و پاش مردنیشی دەبەتە تارمایی ئەکاکی ئەکاکیفیچ و پاتە لەبەر بنیادەمان دادەکەنێت و تا دەگاتە ئەوەی حەقی خەی لە –کەسایەتییە گرنگەکە-ش دەکاتەوەو پاتەکەی بەری دادەکەنێت.

هەموان لە پاڵتۆکەی گۆگۆڵ-ەوە هاتوونەتەدەر!؟



یەکێک لەو گوزاشتە زۆر کاریگەرو دڕینانەی کە ئەوی خوێنەری ئەدەبیاتی ڕوسی بووبێت، بێشک گوڵ بیستی بووە، بەناو ساغکردنەوەی ئەسڵی بۆژوکەی، ئەستاشی لێگەڕدا بێت، جگەی مشتومڕ و قسەوباسە و هەر بۆیە کەسایەتییەکی شارەزاو پسپۆڕ لە ئەدەبیاتی ڕوسیدا وەک دکتۆر؛ جوودت هەشیار-٥-، پاش قووبوونەوەی لەنێو کۆمەڵێک سەرچاوەی کۆن و نوێدا، دەگاتە ئەو ڕاستییەی کەهیچ کام لە(قیەدەر دەستیڤسکی و ئیڤان تۆرگنێف و دیمتری گریگۆرڤیچ) خاوەنی ئەو گوزارشتە نین و پێی وایە نووسەر و دیپلۆماسی فەڕەنسی – یۆژین میلکبۆر دی فۆگۆ-ی سەفیری فەڕەنسا لەپترسبۆرگی پایتەختی ئەو دەمی ڕوسیای تزاری و لەمیانی وتار و نووسین و کتێبەکانییەوە، ئەو گوتزایەی کەدەبێت هەموان لەپاڵتۆکەی گۆگۆڵ-ەوە هاتوونەتەدەر، داوێتە پاڵ نووسەری ڕۆمانی –لانوازان- بەبێ ناوهێنانی ئەوی کەنووسەرەکەی دەستیڤسکی-یە و لەڕاستیشدا دەستیڤسکی فیکرەی ڕۆمانەکەی لەپاڵتۆ-ەوە وەرگرتووەو بەشێوازێکی جودا مامەڵەیەکی داهێنەرانەی لەگەڵ کردووەو لەدیمەنێکیدا کاراکتەری –لانوازان- دیفوشکین، نەریتیف-ی پاڵتۆ دەخوێنێتەوە.

یۆژین میلکبۆر دی فۆگۆ، لەنیسانی ١٩٠٩ لەیادی سەد ساڵەی لەدایک بوونی گۆگۆڵ لەمۆسکۆ لەوتارێکیدا دەڵێت:

{ هەموو ئەم نەوانەی ئەدەبیات؛ لە پاڵتەکەی گەگەڵ هاتوونەتەدەر، پاڵتەکەی ئەکاکی ئەکاکیفیچ،....}-٦-
بە زیاتر ناسینی دنیای ئەدەبیاتی، ناوازەی ئەو گەورەیە بەنامەیەش؛ لەجوانترین گوزارشتەکیدا – ئەمیل سیران- سەبارەت بەگەگەڵ وتویەتی:
{ واقیعییەتەکەی هەندە گەورەیە تا ئەو ئادیەی ئەو کەسایەتییانەی کەهەیان دەسووڕێنێت دەبنە نەبوو، بەڵکو دەبنە هەموزاتی جووڵاو کەبەتەواویی ئەمەی تێدایین، کەسایەتییەکانی ئەو شکست ناهێنن و ناکەون، چونکە لەسەرەتاوە شکستیان هەناوەو کەوتوون... ئەوەی ئەمە لەودا خەشمان دەوێت؛ ئەو هەیەتی بە خەڵکی.. توندو تیژییەتی.. چەشنی بینینیەتی بە دنیایەکی تاوانبار} -٧-

_____

سەرچاوەکان:

١-لاپەڕە١٥٣ /وەهم و شوناس/یوسف عزەدین/ چاپخانەی یاد/سلەمانی ٢٠١٢

-٢
https://kitabat.com/2013/05/21/%D8%BA%D9%88%D8%BA%D9%88%D9%84-%D9%88%D8%A8%D9%88%D8%B4%D9%83%D9%8A%D9%86/

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو

٤- المعطف و الانف/ ترجمة الدكتور محمد الخزاعی/بحرين ٢٠١٣

٥- https:/www.facebook.com/jawdat.heshyar

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو

٧- لاپەڕە ١٥٤/ وەهم و شوناس/ چاپخانەی یاد/٢٠١٢

سەرنج: لەئەدەب و هونەری/ کوردستانی نوێ/ژ:٨٢٢٦/١٩/١١/٢٠٢٠بەاوبەتوە.
E.mail/izadyusf@gamil.com

(کارینا)، ڕەمانی دەستنوسێ

خۆناویی‌کان! .. هەرش ڕەسوا

هەرچەند دەرفەتم زۆر کەم بو، بەڵام هەرچەندێک بو، لە چەند مانگی ڕابردودا و لەگەڵ بەاوبونەوەی ئالیکترۆنییدا، توانیم نوێترین ڕەمانی (نیهاد جامی) بخوێنمەوە.
نیهاد پتر وەک نوسەر و شانۆکار و ڕێخۆشکەری شانۆیی ناسراوە، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە کار لە نوسینی چیرۆک و نۆڤلێت و ڕەمانیش دەکات.
ئەم کارە تازەیەی ناونیشانی (کارینا)ـی هەڵگرتوە. کارینا بەپێی ئەندێشەسازیی ڕەمانوس یەکێکە لە ئەندامانی (بنەماڵەی خەیاڵ). کچێکە، لە دایک و باوکییەوە بە خەیاڵ دژی، بە خەیاڵ بیردۆکاتەوە، بە خەیاڵ ڕەفتاردۆکاو، دەیەوێت هەر بەو خەیاڵەوە ئایندەی خۆی بنەخشێنێت.
ئیشی من نیە لەم کورتەنوسینەدا، چیرۆک یان چیرۆکگەلی نێو ڕەمانەکە بگەمەوە و ڕوداو و کەسێتیەکانی ئاشکرابکەم، هەندەی دەمەوێ تەنها وەک خوێنەرێک هەست و بینینی خۆم بە کورتیی بخەمەڕو. سەرەتا، نایشارمەوە هەم چێژم لە خوێندنەوەی (کارینا) وەرگرت، هەم قوڵییم لە ڕەچاوکرد.
پێکەری ڕەمانەکە بریتییە لە سێ کتێب لەناو کتێبەکدا، هەرێکەیان گۆڕانەوەی خۆی هەیە، پاشان هەمایان لە هەڵەکی چیرۆکئامێزدا یەکدەگرنەوە. وەکچێن کەسێتیی ڕاستینەی ڕەمانوسیش (نیهاد) لە کەتایدا یەکەکە لەوان.
گێڕانەوە لە (کارینا)ـدا زیاتر بە زمانی کەسی یەکەم و کەسی سێیەم، کەوا لەلایەن کارەکتەرە سەرەکیی و لاوەکییەکانەوە چیرۆکە جیاوازەکان نمایشدەکرێن.
تەکنیکەکەیشی جادوواقیعیی (ریالیزمی سیحری)ـیە و شێوازێکی جوان و سەرنجبەرە.
بە لایەنی زمانەوانیی، ڕەنوس و خاڵبەندیی هەست بە جۆرێک لە پەلە دەکرێت، چونکە هەندە هەڵەی تەدایە، بەڵام کەمیان هەڵەی گەورە و ماناگۆڕن.
ناکرێ من لێرەدا ناوەڕۆکی ڕەمانەکە بخەمەڕو، بەڵام تەنها دەمەوێ هێندە بڵێم؛ (کارینا) ڕەمانی دەستنوسە خوناویەکانە، دەفتەری نەخوێنراوەی نەوەی ئازاردراو و بئومێدی دوای ڕاپەڕینی ۱۹۹۱ـە، یاداشتی ڕۆژنامەنوسە گەنجە تەرەرکراوەکانە.
تەوەری ڕەمانەکە، تەنها لە دەوری بابەتی سیاسیی ناخولێتەوە، بەڵکو لایەنی ئابوریی، کەمەڵایەتیی، کەلتووریی_یش دەگرێتەخۆ.

چیرۆکانی نۆو (کارینا) پێن لێ فێین و ونبون، سەرهەڵژن لێ کوشتنی هیوا، بێهودەیی، گەمژاندن، لەسەر دەستی نۆوی دوێنی سیاسەت لێم نیشتمانەدا.
بۆ هیوایەی، (کارینا) تەنها لەنۆو جاجاڵۆکەتەی جیهانییدا نەمنەتۆو و بۆ کاغەزییش چاپکرێ و بکۆتە نێو رەفی کتێبخانەکانیش.

سەرکۆتن و بەردەوامیی بێ نیهاد جامی.

خەونەکانی کەژاڵ ماڵێك لە فڕێمی وتاردا! .. سەدیق سەعید ڕواندزی

ساڵانێکە وەك خوێنەرێك، بە تاسەوە ئامان دەخوێنمەوە.بە تایبەتیش ئەوانەی نووسەرەکانیان دەسپێکی نووسینیانە لەوبواڕە. خوێندنەوەی ئامان وەك ژانرێکی ئەدەبی بێ من لە دوو ڕوانگەوەیە. یەکەمیان چۆژ وەرگرتن و خوێندنەوەی تێکستێکی ئەدەبییە، ئەوەی تریان بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی زمانەکەم وئاشنابوونی زیاترە بە زمانی کوردی کە دەبێ ئامانووس شارەزایەکی ووردو زۆری لێ هەبێت. چونکە زانینی زمان و شێوەی داڕشتن و گوزارشتکرن، ئەلف و بێی نووسینی ئامانە. هەرکەسێك توانای بە سەر زماندا نەشکێت، باشتر وایە ئامان نەنووسێت.ئەوەی جێگەی سەرنجە لام، لە میانەی ئەزموونی خۆم وەك خوێنەرێك لە بواری خوێندنەوەی ئاماندا، تا ئەندازەیەکی زۆر گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە بەشێکی زۆری ئەوانەی خۆیان بە نووسینی ئامانەوە سەرقاڵکردووە(نەك ئامانووسن) شارەزایەکی ئەوتۆیان لە زمانی کوردی نییە. نازانن چۆن چەمك ودەستەواژە و دەربڕین و گوزارشتە زمانەوانییەکان، لە بونیادی زماندا بەرجەستە بکەن. بۆیە دەکەونە هەڵەی سەیرەوە کە خۆشیان هەستی پێ ناکەن. گەرچی ئەو نووسەرانە هەوڵدەدەن لە جێگەی فەنتازیای نووسین و زمانێکی پەخشان ئامێز، جۆرێك لە ئستاتیکا بە وشەکان بدەن تاکو سەرنجی خوێنەر ڕابکێشن. بەڵام کاتێ دەچینە قووڵایی وشە و

ماناکان، ئیدی دەستەپاچەیی ئەوانمان بۆ دەردەکەوێت. ئەم کارەم وەك ئەوە دێتە بەرچاو کە خانووێکی لە قوڕ دروست کراو، بە بۆیەیەکی جوان بۆازڕنییەوە. خاڵێکی دیکەیان ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لەوانەی بە خەیاڵی خۆیان ڕەمان دەنووسن، تووشی کاوێژکردنەوەی وشە و دڕێژدادێیی و دووبارەبوونەوەی وێنەکان دەبن.

بابەتی بەشێکی زۆر لەو جۆرە ڕەمانانە، دەکرێ پوخت و چڕوکورت بکرێتەوە لە چەند لاپەڕەیەکی کەم. یاخود ئەوەی ڕەمانووس بەو هەموو نووسینەوەیەوە گوتوێەتیی، دەتوانرێت کورت بکرێتەوە بۆ چیرۆکێکی زۆرکورت. نموونەی بەرجەستە لەم ڕووەوە زۆرن گەرخوێنەر مەبەستی بێت ئاماژەیان پێ بدات. لەو ڕوانگەیەوە یەکێك لەو ڕەمانانەی لە زۆرلایەنی زمانییەوە هەڵە و کەماسی هەبوو ڕەمانی(خەونەکانی کەژاڵ)ە. ئەم ڕەمانە، سەرگوزشتەی ژنێکی کوردمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ناوی(کەژاڵ)ە و لەکەنەدا دەژیت. کەژاڵ، دوای ئەوەی بە خۆشەویستی شوو بە کامەرانی هونەرمەند دەکات، لەگەڵیشیدا دەچێتە کەنەداو لەوێ دەژیت. دوای ماوەیەك ناتوانن وەك دوو هاوسەر بە یەکەوە بژین، بۆیە کەژاڵ لێی جیا دەبێتەوە و ئەمجارەیان شوو بە کوردێکی ڕۆژهەڵات دەکات بە ناوی ئومێد، لەویش جیا دەبێتەوەو ئەمجارەیان شوو بە کەسێکی دیکە دەکات بە ناوی عەباس. کەژاڵ لە گەڵانەوەیەکی دا بۆ کەرکوك عەباس دەناسێت و ئەڤینی دەزگیرانی دەگێڕنەوە، بەڵام لەویش جیا دەبێتەوە.

کارەکتەری ڕەمانەکە، بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لە ژیانی خۆزانی دابووە، بە نهێنیش مامۆستا بە ختیاری خۆشویستووە کە چەند ساڵێك لە خۆی گەورەترو هاوکات هاوسەر و منداڵیشی هەیە. واتا لێرەدا ڕەمانووس، ناڕاستەوخۆ ڕەوایەتی بەوە دەدات، کە کاتێ کەسێك لە ژیانی تایبەتی و خۆزانداری خۆیدایە، دەکرێ بە نهێنیش کەسێکی دیکەی خۆشبوێت و ناپاکی لە هاوسەرکەی بکات. لە کاتێکدا ئەم جۆرە پەیوەندییانە، یەکێکن لە گەورەترین ئەو گرفتە کۆمەڵایەتی و کەسی و خۆزانی و پەروەردەییانەی، سەرچاوەی سەدان ڕووداوی دێتەزێن و تراژیدین لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کە زۆرینەیان سەردەکێشن بۆ کوشتن و خونەشتنی مرۆڤ. ئەم جۆرە تیمانە لە نووسینی ڕەماندا، وەك بابەتێکی سواوی لێهاتووە و هەمیشە دەکرێنە کەرستەی نووسینی بە ناو ڕەمانی بۆ مانا و تەنانەت هەندێکیان لە پەراوێزییەوە لە کۆمەڵگەی خۆشیان دەدەن. هیچ داهێنانێك لەوەدانییە، نووسەرێك بابەتێکی سواو بکاتە کەرستەی نووسینی ڕەمانێك. وەرای ئەمەش لە ڕەمانەکەدا، خوێنەر بەر چەندین هەڵەی زەق لە ڕووی زمان و

دەربڕینەوە دەکەوێت کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەدەین:_

- لا-14 -نووسیویەتی:_(ستێدیۆی نیگار کێشان). نووسەری ڕۆمانەکە (ستێدیۆ)و(مەرسەم)ی لەیەکتر جیا نەکردۆتەوە، وا دەزانێت هەردووکییان هەمان مانایان هەیە. ستێدیۆ بۆ تێمارکردنە (مەرسەم) کە بە کوردی (نیگارخان) ەی پێ دەگوترێت، شوێنی وێنە کێشانە.
- لا 14_نووسیویەتی:_(کامەران کەسێکی قرچێك و چاوچنۆك بوو، نرخی کراس و پێلاوەکەی لە سەرووی هەزار دۆلاربوو). سەیرم پێدێت کەسێك ڕۆمان بنووسێت و خۆی پێ ڕۆمانووس بێت، بەڵام هەڵەی وەها کێمدی بکات. ئاخر کەسێك قرچێك بێت، چۆن پێشاکی گران بەهای بەو نرخە دەپێشێت؟!.
- لا14 ڕۆمانووسی:(بە فیکە لێدان تەماشای تابلۆیەکانم کرد). ئەگەر بینەرێك تەماشای تابلۆیەك بکات، لێی ڕادەمێنێت و چۆزی لێ وەردەگرێت، یاخود فیکەی بۆ لێ ئەدات؟ ئەمە با ڕۆمانووسی وەڵامان بداتەوە؟.
- لا28_نووسیویەتی:_(ئومێد دەڕۆ هەفتەی داهاتوو دەچمە حەج) نووسەری ڕۆمانەکە وادەزانێت (حەجکردنیش) وەك(عەمرە)یە، هەر کاتێك مرۆڤ ئارەزووی کرد دەتوانێت بچێت!؟.
- لا42-نووسیویەتی:_(کەژاڵ قونکی جگەرەکەی خستە ژێر پێی و پانیکردەوە). نووسەری ڕۆمان وادەزانێت وڵاتی کەنەداش کوردستانە، خەڵك بە ئارەزووی خۆی ژینگە پیس بکات.!
- لا 65-نووسیویەتی:_(پیرەمێردێکی جوو، خەونەکەی بۆ شیکردمەوە). بنووسی ڕۆمانەکە وا دەزانێت جووەکانیش وەك موسڵمانەکان، باوەڕیان بە خەون بینین هەیە! یەکەمجارە، ئەمە دەبیستم. دواتر خەون لێك دەدرێتەوە شیناکرێتەوە بۆ زانیاریی نووسەری ڕۆمانەکە.)!.
- لا 66_:_(بەختیار بە نیلۆفەر دەڵێت، ئەم جوجکەیە کوڕە، یان کچ). نووسەری ڕۆمان، وادەزانێت ژنیش وەك مریشك هێلکە هەڵدێنی و (کورك) دەبێت، دەنا چۆن بە منداڵی دەگوت جوجکە!؟.
- لا81-نووسیویەتی:_(بە پێی شەریعەت، ئەگەر ژن و مێرد تا ساڵێك بە یەکەوە نەبوون، هاوسەرگیرییەکەیان هەڵدەوەشێتەوە). نازانم نووسەری ڕۆمان، ئەم شەریعەتەی لەکوێ هێناوە؟ ئەمەیە کێمدیای بەشێك لە بە ناو ڕۆمانووسانی ئێمە، کە لە هیچ بوارێك شارەزانین و قسەشی لە بارەوە دەکەن. چونکە نووسەری ڕۆمان دەبێ بزانێت، لە

ئیسلامدا، هیچ هاوسەرگیرییەك دوای ساڵێك بە تاڵ نابێت، بگرە هەر هەناوەشێتەوە، تاکو بەتەڵاق کۆتایی نێت.).

- لا93نووسیویەتی:_(ژن بە سەماوارەوە جوانە). سەیری ئەو دیدە خۆشەکییە بکەن بۆ ژن!.
- لا142نووسیویەتی:_(نیو چارەگە سعات وەرزشم کرد). لەگەڵ استیدا، نیو چارەگ عەرەقم بیستووە، بەڵام نیو چارەگ کاتم نەبیستووە!.
- لا148 نووسیویەتی:_(کەژال بە بەختییار دەڵێت: تۆسەگی و من پشیلە).
- لا 168(دوای ئەوەی بەختیار بە هۆی ووداوی ئوتومبێلەوە دەکەوێتە حاڵەتی کۆما و بێ هۆشییەوە، کەژاڵ دەڵێت:_ (هیدفۆنی مۆبایلەکەم خستە گوێی بەختیارو ئەویش گوێی لە گۆرانی ئۆمە گیانێکین لە دوو جەستە دا دەگرت). نازانم کەسێك لە دۆخی غەیبوبو دابێت، چۆن دەتوانێت گوێ لە گۆرانی رابگرێت.

خاڵێکی دیکە کە بەپێویستی دەزانم ئاماژەی پێ بدەم ئەوەیە، کە نووسەری ڕۆمانەکە، هاوشێوەی دەیانی تر کەوتۆتە هەڵەی دیاریکردنی ڕۆڵی کارەکتەرەکان و پاشخانی هزریی و پەروەردەییان. بەو مانایەی، گەرچی ووداوەکان لە وڵاتی کەنەدا ووەدەن و بنەماڵەی بەختیاریش زیاتر لە بیست ساڵە لەو وڵاتە دەژین، وەلێ هێشتا وەك خۆزانێکی داخراوی ڕۆژهەڵاتی و میللی بیردەکەنەوە. بێ نموونە:- بەحتیار کە کارەکتەرێکی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و هەندێ جار ڕۆڵی بگێڕەوەی ووداوەکانیش دەبینێت، لە هەمان کاتدا نووسەرو مامۆستاشە، کە چی زمانی ئەو کارەکتەرە، لە زمانی کەسانی سەر شەقام و بازاڕ دەچێت. بەختیار دەڵێت:(با سیر بخوات و زوونا لێ بدات) یاخود (کەرایەتی بەری داوی). ئەم جۆرە لە زمانی دەربڕین، لە زمانی کەسانی خوێندەکی و میللی دەچێت، نەك زمانی نووسەرێك و ئەو نووسەرەش، بیست ساڵ لە کەنەدا ژیا بێت. سوقرات دەڵێت:(قسە بکە تا بزانم کێی). بیرمان نەچێت، زمانی دەربڕین و قسە کردن، هەنگدانەوەی پاشخانی هزریی و کۆمەڵایەتی مرۆڤە. چەند، ئەو پاشخانە دەوڵەمەند بێت، ئەوەندەش زمانی دەربڕین بابەتی تر دەبێت.

ئەو زمانەی بەختیار و کامەران و کەژاڵ و هەموو کارەکتەرەکانی دیکەش کە پێ دەدوێن، لە ڕاستیدا یەك ناگرێتەوە لەگەڵ ئاستی هوشیاریی و پێگەی پیشەیی و کۆمەڵایەتییان. بە تایبەتی کە ئەو کارەکتەرانە لە کەنەدا

دەژین و هەمووشمان دەزانین ئەو وڵاتە و کوردستان لە ڕووی ڕەساکانی ژیانەوە چەند لە یەکتری دوورن. کەچی نووسەری ڕەمانەکە، هەروا دەزانێت لە کوردستانە، ئەوها جلەوی بە ڕووداوەکان شل کردووە. سەیرم پێدێت کەسێك نووسەر بێت و بیست ساڵیش لە کەنەدا ژیا بێت و کەچی زمانی ئاخاوتنی وەك زمانی مرۆڤەکانی نێو بازاڕ بێت. ئەمە بە داخەوە گرفتی بەشێکی زۆری بە ناو ڕەمانووسانی ئێمەیە، کە نازانن چۆن ڕەڕەی کەسایەتی و کارەکتەرەکان لە ڕەماندا دیاری بکەن.
وەرای ئەمەش، هەر زمانی ڕەمانەکە، بەگشتی زمانێکی سادە، حیکایەت ئامێز، بە چێژو نا هونەرییە. خوێنەر کە ڕەمانەکە دەخوێنێتەوە، وا هەست دەکات وتارێکی سادەی ڕۆژانە دەخوێنێتەوە، کە گفتوگۆ و دەربڕینەکانی هیچ بەهایەکی مەعریفی و ئستاتیکییان نییە. دواتر بیکاتە بابەتی بە ناو ڕەمانێك و دەزگاکانی چاپیش لە پای هەر پەیوەندییەکەوە بێت، بۆی چاپ بکەن هەر لە ڕەمانەکەدا، ئەوەندە هەڵەی چاپ هەن، کە واتای هەموو وشەکانییان شێواندووە.ئەگەر خوێنەر وردبین نەبێت، نازانێت ئەو وشەی نووسراوە مانای چییە. هەر بۆ نموونە پیتی(گ) لە کاتی تایپکردنەوە، بە هەموو وشەکانەوە نووساوە. هیوادارم بەشێك لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئێمە، بزانن ڕەمان نووسین هونەرە، مەرج نییە ئەوەی تیمەیەکی لە خەیاڵ دابوو، بە شان و باڵی دەقەکە و نووسەرەکەشی هەڵبدەن و ئەوانیش چەندین دەقی دیکەی لەو شێوەیە چاپ و بڵاو بکەنەوە. ئەم جۆرە بنووسانە، لە ڕاستیدا وەك مەلەوانێکی نەزان وان لە دەریایەکی قووڵدا. ئەگەرکەسێك مەلەوانی نەزانێت چی لێدێت؟ بگومان دەخنکێ. زمانیش وایە، ئەگەر نووسەر شارەزای هەموو سووچێکی نەبوو، دەسەڵاتی بەسەر گوزارشت ودەربڕیندا نەشکا و ڕەمانیشی نووسی، ئەوا وەك مەلەوانە نەزانەکەی لێدێت.

-_____

*پەراوێز: ڕەمانی خەونەکانی کەژاڵ، نووسینی: جەبار قادر، بڵاوکردنەوەی:کولتوور ژمارە 10 2020.

*ئەم بابەتە لەلاپەڕەی ئەدەبی ڕۆژنامەی خەبات بڵاوکراوەتەوە…

دوانەی دەستەات و کەلتوری دژی ژن .. گەناسعید و ئاسکمال

بەشێک لە وتاری هاوبەشی گەناسعید و ئاسکمال بەبۆنەی ٢٥ نۆڤەمبەر ڕۆژی جیهانی بەرەنگاری دژی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان

حزبە دەسەاتدارەکانی کوردستان لە پاراستنی کەلتوری دژی ژندا دەتوانن سود و قازانجێکی مادی زۆر بەدەست بهێنن، کە بەپێی بانکی جیهانی ١٤٪ ژنان لەسەر کارن.*١ ئەم ڕاپۆرتەی ٢٠١٩ ڕادەی بەشداری ژنانی کوردستان لە کاردا بە نزمترین ئاست دەزانێ لە جیهاندا. واتە ٨٦٪ ژنان بێکارن و ئەم ملیۆن ژنە بێکارەش دەبە لەبەری کەمایەتیەوە لە دەخێکدابن کە فرسەتی ناڕەزایەتیان بەم ژیانە سەختەیان نەبە و داوای بیمەی بێکاری و بیمەی کەمایەتی نەکەن و لە ماڵەوە وەک ژنی بێکار خزمەتی خێزان و پیاو بکەن تاکو وەک ژنی ماڵەوە پێناسە بکرێن و هیچ بەرپرسیارێتیەکی مادی و مافیاکیان لەلایەن حکومەتەوە بە حساب نەکرێ. هەربۆیە کەلتورێک کە دەتوانێ ژن بە ژێردەستەی پیاو و کەم بایەخ و سوک سەیر بکا دەبێتە مایەی قبوڵکردنی بە مافی نیوەی کەمەگەی کوردستان و بەمەش دەسەات لە ناڕەزایەتی نیوەی کەمەگە ڕزگاری دەبێ. هەربۆیە دەبینین بودجەیەکی زۆر بە دەزگا ئیسلامیەکان سەرف دەکرێ تا هەڕەژەی فەتوایەک دژی ژنان بدەن و هەوە دەدەن یاسای فرەژنی و دژی ژن زیاتر پەرەپێ بدەن.

بەهام هەکاری سەرکی ئەوەی ئەم کەسانە دەتوانن بە ئاسانی لە کوردستاندا سوکایەتی بکەن بە ژنان ، جگە لە پشتیوانی دەسەاتی پارتی و یەکێتی بەیان ، سەرچاوەکەی وا لە کەلتوری ڕەگداکوتاوی پیاوسالاری لە کەمەگەی کوردستاندا، کە مەژوویەکی درێژتری هەیە لە دەسەاتی پارتی ویەکێتی و سەرهەدانی هەزە ئیسلامیەکان لە کوردستان .

شەریعەت و یاسا ئیسلامیەکان لەگەڵ کەمەک دابونەریت و بەهای پیاوسالارانە، پەگەی ژن و پیاوی لە نەو خێزاندا بە قازانجی سەرداری پیاو یەکلاکردەوە. ئەمەش لەبەری کەمایەتیەوە تەواو

قبوڵ کراوە نەک هەر لە لایەن پیاوانەوە ، بەڵکو لە لایەن ژنانەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گوێزرابتەوە . ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتیەی پیاوسالاری لە خێزانەدا کەلتووری گشتی لە کۆمەڵگەدا پێک دێنێ. دەسەڵاتیش لەڕێگەی یاسا و یاساکانی بەڕێوەبردن و دامودەزگای دینی فەرمیەوە هەمان سیستەمی پیاوسالاری لە کۆمەڵگەدا یاسایی دەکاتەوە.

ئەم سێ کوچکەی پیاوسالاری و دەسەڵات و دین، هەمویان بونەتە ئاو زەمینە کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئاو داب ونەریتە خراپەکی و دژی ژنە جێگیروتوە لە کۆمەڵگەدا، کە گوتاری ئەڵقەی ئیسلامی سیاسی وملاکان لە ئاساسەوە پشتیان پێ بەستووە . ئەمش بوەتە ئاو کەلتور و فەرهەنگ و زانیاریانەی کە زۆربەی کۆمەڵگە هەیانە دەربارەی ژن ، وە تا ئەمڕۆ نەک بەردەوامە ، بەڵکو هێزی بەبەردا دەکرێتەوە و زیندوو دەکرێتەوە . مانەوەی ئەم کەلتورە دواکەتوانە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا فرسەتی بە هێندە مەلای کۆنەپەرست و ئیسلامی سیاسی و دەسەڵاتیش داوە کە هێرش و سوکایەتی بەسەرژنان بکۆنە کارێکی ئاسایی، کە ڕۆژانە لە کۆمەڵگەدا دژ بەژنان دەکرێ.

ئەم کەلتوورە گشتی یە جگە لەوەی کە لەبەرژەوەندی پایە و دەسەڵاتی تاکی پیاوە بگشتی ، کاریگەری خۆی لەسەر تاکی ژنیش داناوە . بە پێی ئەم بۆچوونە گشتیە کە دانراوە بۆ ژن ، باشترین نمونەی ژن دایکێکە کە ژنی ماڵەوەیە و خزمەت بەهەموو خێزان دەکات ، دایکێکە کە مێردی نەماوە دانیشتوە بۆ دیار مندالەکانیەوە بۆ خزمەتکردن پێیان ، ژنێکە کە بۆ دەنگۆ شەرمنە و قسە لە قسەی پیاودا ناکات و ..هتد . ئەم جۆرە لە ژیان تەواو بە دژی دژگا دینیەکانە و بە دژی دەسەلاتیشیە .
سەرمایەداری ژنانی ڕاپێچی کارکردن لەدەرەوە کردوە و لە ماڵ دەری هێناون. بەڵام هێشتا ئاستی هوشیاری بۆ مافەکانیان و بۆ بۆچوونە کۆمەڵایەتیەکان لە ئاستێکی کەمدایە. هاوکات دەسەڵاتی سیستەمی پیاوسالاری خێزان و سیستەمی عەشیرەتی و میلیشیایی حکومەت و دەسەڵاتی دین بەسەر یاسا و بەڕێوەبردن و ژیانی گشتیدا هێشتا بەهێز و زاڵە لە کۆمەڵگەدا.
بەڵام ئاو گۆڕانکاریانەی بەسەر پێگەی سیاسی وئابووری راستەقینەی ژندا هاتوە لە کۆمەڵگای کوردستاندا، پێچەوانەی خواست و ئارەزووی دژگای دینی و ئاو نەرمە کۆمەڵایەتیانەیە کە خوازیاریەتی ، و بشکێی زۆر لە ژنان پابەند نیین بەو بۆچوونانەو و بە شایەنی خۆیان نازانن ، بەڵکو هەوڵ بە ڕێزگرتن لە مافەکانیان دەدەن . کێشەکە

لەرەو دەست پێ دەکات .
ژنان بە هەی هاتنە مەیدانی کار و فشاری بێکاریەو دەستیان داوەتە کارکردن لە مەیدانی جەراوجێری کەمەگەدا.هاوکات گەان بەسەر کەلتووری کەمەگەدا هاتوە بە هەی گۆرەبونی خەرای شارە گۆرەکانیشدا لەئاکامی زیادبونی لەادبەدەری دانیشتوان و دەست ەاگەیشتنی هەموان بە ئینتەرنێت و سەشیال میدیا. ئەم دەخە تازەیە هوشیاریەکی گلەباەی سەبارەت بە ژیانی مەدەرن دروستکردوە، کە ئیتر ئەو کەلتور و دابونەریتە کۆنانە بونەتە ەگر وچیتر ژنان ئەو کەلتورە کۆنە قبوە ناکەن و ەوبەوی دەبنەوە.

مەژووی خوەناویی سوپای عەراق لە فەرماندەوایی شا فەیسەوە تا نوری مالیکی

نووسین و ئینالیز: ستیڤان شەمزینی
سوەد

شاراوە نییە لە هیچ کەسێک ئاگەر بە یەک ڕەژیش لە عەراقدا ژیابێت، سوپا ڕەکەی بنەەتیی و سەرەکیی بینیوە لە نەخشاندنی وێنەی سیاسیی و فەرماندەوایی و سەقامگیرکردنی پایەکانی دەسەات. لە ماوەی زیاتر لە هەشتا ساەدا سوپا میکانیزمەکی هەرە کاریگەری دەستی فەرماندەوایان بووە لە عەراقدا بە سەرکوت و دامرکاندنەوەی هەموو دەنگەکی ناڕازی یان خوازیاری گەان و دەستاودەستکردنی دەسەاتی سیاسیی، بە قەبارەی ئەوەش سوپا بە هەزە بەرهەستکار و قەدەغەکراوەکان میکانیزمەکی ئەجگار هەستەوەر بووە، بە تایبەت بە بەکارهێنانی لە کودەتای سەربازییدا، ئاگەرچی کودەتای سەربازیی تەنیا دیاردەیەکی تایبەت نییە بە عەراق و هەر لەرە ڕووینەداوە، بەڵام دەبێت بەوایەکی کەنکرێتی بەو بهێنین کودەتا تەنە لەو جێگە و جوگرافیا و سەرزەمینانەدا ڕووەدات، هەموو ڕێگاکانی ئاشتیی و دیموکراتی تیایاندا کەمدراون بە مەبەستی ئاوەگەی دەسەاتی سیاسیی. بە کورتییەکەی کودەتا سەربازییەکان تەنە لەو شوێنانە

رووبەڕووبوونەوەی حوکمڕانی زۆرەملێ و دیکتاتۆرانەیان تێدا هەیە، ئەگەرنا لە هەر جۆگەیەک دیموکراسی هەبێت، ئاماژە و ڕوونکردنەوەی ئاشتیخوازانەش هەن بۆ پرسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات.
هەشتا ساڵ لە عێراقدا سوپا تەنیا ڕێگەیەکی ترسناک و دژی بەرژەوەندیی تەنانەت هاووڵاتیانی ناوخۆی وڵاتیشی گۆڕاوە، چوونکە ئەو سوپایە هەموو جەنگێکی دەرەوەی جگە لە جەنگی سەرکوتکردنی هەر "نا"یەکی ناوخۆیی، جگە لە گەڕی بە کەمەڵ و کوشتنی هاووڵاتیانی بێتاوانی ناوخۆ لە هەموو پێکهاتە جیاوازەکان شتێکی تەمار نەکردووە بە سەروەریی یان بە شانازیی بۆی بنووسرێتەوە لە دیرەکی تایبەتیی خۆیدا. ئەگەرچی سوپای عێراق لە سەرەتاوە بە داگیرکیی لە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و پاراستنی سوود و قازانجی گشتیی عێراقییەکان هێنرایە سەر شانۆی ژیان، بەڵام بەگومان بەرژەوەندیی باڵای عێراق لە یەکپارچەییدا بوو، ئەمەش بەهەموو شێوەیەک بە کارەسات بە کورد تەواو دەبوو، بینیشمان هەروا بوو بە کارەساتی گەورە بە کورد لە باشووری کوردستان تەواو بوو.
جیا لەمەش سروشتی کەمەڵگەی عێراقیی و هاتنە سەر شانۆی سیاسیی چەند گروهەکی دیکتاتۆر و تاکەڕەهەند هەر زەر زوو ئەو خوونەی بە گەڵ سپارد کە خوازیار بوو سوپای عێراق ببێتە سوپایەکی بەهێز، داگیرکیی لە ژیان و قازانجی سەرجەم عێراقییەکان بکات، بە پێچەوانەوە لە بری ئەوەی سوپا بچێتە خزمەتی مرۆڤەکانەوە، بەداخەوە ملیۆنەها عێراقیی بە ڕەگەی جیاوجیاوە بوونە قوربانیی خوونی دزێوی سوپایەکی بەهێز، بە تایبەت لە ڕۆژانی ڕەشی حکومڕانیی دیکتاتۆری مەزن "سەدام حسێن"دا.

مەژووی عێراق یان مەژووی جیاوازیی و یەکترسینەوە؟

لە بەرەبەیانی مەژووەوە ئەو جۆگەیەی ئێستا بەعێراق دەناسرێتەوە "میسۆپۆتامیا" ئاوەدانیی بووە، ئەمەش بەهەی بەپیتیی خاکەکەی و هەبوونی ژێدەرێکی زێری ئاوەوە. هەر لەگەڵ ئەو مەژووەدا ناکەکیی و شەڕ و ئاژاوە بەشێکی دانەبڕاو بووە لە دیرەکی سەر ئەم جوگرافیایە. بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مەژووی دێرینی بەر لە هەزاران ساڵی پێش زایین، ئەم ڕاستییە بە ئاشکرا دەبینین: ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتیی و میسۆپۆتامیا بە تایبەتیی ناوچەی نائارام و پڕ لە ئاژاوە و کێشمەکێش بووە، هەر لە سەمەریینەکانەوە تا دەگاتە ئاکادیی و حیسیی و ئاسووری و بابلی و کلدانی و دەسەڵاتی فارسەکان، ئەو سەرزەمینەی ئەمڕۆ پێیدەوترێت عێراق، گەڕپانی سەختترین ململانێی توندوتیژ و شەڕ و کوشتاری بە بڕیارنە بووە.

لە مێژووی دواتریشدا و لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامییەوە تا دەگاتە دوا رۆژەکانی خەلافەتی عەبباسیی و هەرەسهێنانیان لەسەر دەستی مەغۆلەکان، ئەوە نەک پشوویەک بەدی ناکەین، بەڵکو ئەوەی زیاتر لە هەر شتێکی دیکە لەم ماوە مێژووییەدا دەیبینین خوێن و ئازار، ئاگر حەججاجی کوڕی یوسفی سەقەفی نموونەیەکی تۆندوتیژ یان سەدامێکی سەروەختی خۆی بووبێت، ئەوە ئەو هەموو شەڕو کوشتارەی لە نێوخۆی موسڵمانە ئەمەویی و عەبباسییەکاندا رووبدا شتێکی کەمتر نییە لەوەی لە مێژووی نوێدا هەستی پێدەکەین و دەیزانین.
جا لە کارەساتە خوێناوییەکانی بزووتنەوە هەڵگەڕاوەکان لە خەلافەت بگەڕێ، چوونکە سووركردنی دیجلە لە خوێندا لایەن مەغۆلەکانەوە بە سەرکایەتی هەلاکۆ رووداوێکی خوێناویی ئەوەندە گەورەیە تا مێژوو هەیە لە بیر ناچێتەوە. ئاگر چاوکێش بە قەناغەکانی دواتر و دیرەکی عوسمانییەکان هەتا داگیرکاریی ئینگلیزەکاندا بخەشێنین ئەوە دیسان ماوەیەک نابینین پشوویەکی تێدا بێت لە خوێنشتن و کاولکاریی و یەکتر سڕینەوە. بگومانیش داگیرکاریی نوێی ئینگلیزەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە شێوە و خوێنڕژیی و کاولکاریی نەبوو. هەروەک چۆن مل پێ کەچکردنی کورد بە هەڵەبژاردنی عێراقێکی عەرەبیی، بە ژان و سەرئێشە و کاولکاریی و شێوە نەبوو. ئاگر لەهەموو ئەم کارەساتانە وردبینەوە، راستییەکی ڕەها و ڕوون هەیە، ئەوەی ئەم مێژووەی وەها پێ کردووە لە خوێن، تەنیا و تەنیا هەز و لەشکر بووە، بەیەکا ناماقوولە نییە بڵێین لەوەتی عێراق هەیە "مەبەستمان لەو جوگرافیایە ئێستا پێیدەوترێ عێراق" ئەوەندەی لەشکر و خاوەن لەشکران ڕەیان تێدا گەڵاوە هیچ شت و کەسی تر تا هەنووکەش نەیتوانیوە نیوەی ئەوە، ڕێ ئێدا بکات. لە قەناغی نوێدا وەختێک لە ژێر سایەی حکوومەتی ئینگلیز دەوڵەتی عێراق دروستدەکرێت و سوپایەکی قانوونی بە دادەمەزرێنێت ئیدی بەرە بەرە سوپا ڕەگەی زیاتری پێدەدرێت دەور لە هاوکێشە سیاسییەکاندا ببینێت، تا دواجار بارودۆخێکە بە جۆگەیەک گێشت سوپا لە عێراقدا کارەساتێکی گەورەی مرۆیی نایەوە، کارەساتێک لە دوای هەڵکەستەوە لە وێنەی نییە لە تەواوی سەدەی بیستەمدا.

مێژووی دامەزراندنی سوپای عێراق

بەڵێ یەکەم جەنگی جیهانیی کە تێیدا هەردوو ئیمپریالیزمی فەڕەنسیی- بەریتانیی سەرکەوتن، جیهانی خستە بەردەم چەرخێکی تازەوە، کاریگەرییەکانی ئەو جەنگە بوونە هەی سەرلەنوێ داشتنەوەی نەخشەی جیهان، ئیمپراتۆریای عوسمانلی "پیاوە نەخۆشەکە" لە

ئەنجامی شەڕەوە تەواو شکەت و لاواز ببوو، هەموو ئەو ناوچانەی لە دەستدابوو کەوتبوونە دەرەوەی تورکیای ئەستا. ئەم شکستەی عوسمانلییەکان هەلەکی زێڕینی دایە دەست هەردوو ئیمپریالیزمی براوەی جەنگ، بە ئاسانیی نەخشەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دابەشبکەنەوە. لەم نەوەندەدا حکوومەتی ئینگلتەرە لەسەر جەستەی هەر سێ ویلایەتی بەسرە، کوفە، موسڵ "پەشتر شارەزوو بوو" توانی دەوڵەتێکی نوێ دابمەزرێنێت بەناوی "عێراق". ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە ویلایەتی موسڵ یان راستتر بڵێین باشووری کوردستان کێشە و بیرۆای جیاوازی لەسەر بوو لەوەی بلکێنرێت بە عێراقەوە یاخۆ بە تورکیای نوێوە؟، بەڵام سەرەنجام دوا بڕیاری بەریتانیا- فەڕەنسا ئەوەبوو بخرێتە سەر عێراق بەتایبەت بەهۆی دەزینەوەی نەوت، هاوکات بۆ زیاترکردنی رۆژئاوای سوونەنشینی مەزهەب لە عێراقی تازە دروستبوودا.
بەریتانییەکان سەرەنجام عێراقی عەرەبییان دروستکرد و پادشایەکیان لەدەرەوەی عێراق هێنا بۆی، دەستووری تازەی عێراقیش بە هەموو جۆرێک عێراقی وەک وەتەک یان بەشەک لە نیشتمانی عەرەب دەناساند و نکۆیی لە هەبوونی هەر نەتەوە و گەلێکی دیکە دەکرد. لە ماددەی دووەمی دەستووری ساڵی 1925دا نووسراوە "عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئازادە، بە هیچ جۆرێک خاکەکەی پارت پارت ناکرێت و دەست لە هیچ بەشێکی هەڵناگیرێ، حکوومەتەکەشی حکوومەتێکی پاشایەتی نیابیی"، بەڵام لە راستیدا حوکمی راستەقینە لە ژێر چنگی بەریتانیادا بوو، چوونکە هەتا ماوەیەکی زۆر دواتر، عێراق هەر لەژێر سایەی ئینتیدابی ئینگلیزییدا مایەوە. بەریتانییەکان خوازیاربوون عێراق بە گشتیی یەکەیەکی کارگێڕیی بێت و هەموو بەرژەوەندییەکانیان تێیدا پارێزراو بێت، دەسەڵاتی پادشایی دەیخواست بە داکۆکییکردن لە پۆیکاری فەرمانڕەوایی شانشینەکەی هەموو ڕەگەکانی خۆی بکاربهێنێت، لەم چوارچێوەدا بە دروستکردنی دامەزراوەکانی حکوومەتێکی پاشایی فەرمیی هەنگاوی پێکهێنانی سوپا بووە پۆیستییەکی پلە یەک.
ئەگەرچی لە پەشتریشدا ئیدارەی ئینگلتەرە چەندین هەزی جیاجیای نافەرمییان لە جەگەکانی عێراق دروستکردبوو، بەڵام ئەوە وەڵامی پۆیستییەکانی نەدەدایەوە، بە تایبەت لەو سەروەختەدا عێراق دەوڵەتێکی تازە دامەزراو بوو. بەریتانییەکان لە ساڵی 1915 بە دواوە هەوڵەکانیان خستەگەڕ بە پێکهێنانی ئەو هەزە نافەرمییانە. لەو نەوەندەدا "هەزی لیڤی" دروستکرا، ئەگەرچی سەرەتا ئەم هەزە تەنیا لە40 پیاو دروستکرا، بەڵام دواتر ژمارەی گەیشتە "6199" پیاو، ئەمە لە مانگی مایسی ساڵی 1922. ئامانجی ئەم سوپایە کە

زرینەی لە ئاشوورییەکان پێکهاتبوو، بە پلەی یەکەم دژایەتیکردنی کورد و دەسەڵاتی شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستان بوو، ئۆگەرچی بەریتانیا خوازیار بوو لە زێر پەناوی تردا بەکاریبهێنێت "1".
بەهام هۆکانی دامەزراندنی سوپایەکی فەرمیی مەشقپێکراو، تاوەکوو ببێتە سوپای دەوڵەت، بۆ کۆتایەکانی ساڵی 1920 و سەرەتای ساڵی 1921 دەگەڕێتەوە.
بۆ پڕی سەرچاوە مێژوویەکان هەنگاوی ئەفسەرە عەراقییەکان کە بەشێکی بەرچاویان کورد بوون، لەسەر دەستپێشخەریی بەریتانییەکان بووە. ئەوەبوو سەرەنجام (ڕۆژی 6-1-1921 لەسەر ڕەخی ڕووباری دیجلە لە شاری بەغداد، کۆمەڵێک ئەفسەری عەراقیی، کە شارەزای تەواوی سوپا بوون و لایەن عوسمانلی و بەریتانییەکانەوە مەشقیان پێکرابوو، بە چاودێریی بەریتانیا و لە ماڵی عەبدولقادر ئەلخەزیری کەبوونەوە و بەیاری دامەزراندنی سوپای عەراقیان دا. ئەو ئەفسەرانە دوانزە کەس بوون و لە نەوانیشیاندا بەشکیان کورد بوون کە بە ئامادەبوونی مەجەر ئایدی ڕاوێژکاری بەریتانیی لە وەزارەتی بەرگریی عەراق و ڕائیدی سوارە "محەدین عومەر" یەکەمین کەبوونەوەی سوپا ئەنجامدرا. لە ئەفسەرە کوردەکانیش هەریەکە لە"بەکر سدقی، تەفیق وەهبی، جەمال بابان، جەلال بابان، بەهادین نوری و چەند کەسێکی تر" ئامادەی کەبوونەوەکە بوون). "2".

هەندێک سەرچاوەی مێژوویی ناوی ئەو دوانزە ئەفسەرەی سوپای عەراقیان دروستکرد، تەمارکردووە کە بریتی بوون لە هەریەک "عەقید عەبدولحەمیدی کوڕی ئەحمەد، موقەدەم عەبدولڕەزاق یاسین خواجە، موقەدەم شاکیر عەبدلوهاب شەخلی، ڕائید سەعید حەقی عومەر، ڕائید محەدین سەلیم سوهرەوەردی، ڕائید بەکر سدقی شاوقی عەسکەری، ڕائید تەفیق وەهبی مەعروف بەگ، ڕائید حیلمی محەمەد، نەقیب موحسین عکوش، نەقیب حەسەن تەحسین مستەفا عەسکەری، نەقیب یوسف پاچەچی، نەقیب یوسف حەنزەب". * هەر لەو سەروەختەدا یەکەمین پڕۆژە یاسا بە ڕەکخستنی کاروباری سوپایی فەرمانڕەکرا و ناوی "بەاوکراوەی سوپای عەراقی ساڵی 1921" بوو، لە سەرەتاوە لەی نووسرابوو ئەم پڕۆژە یاسایە "سەر پریسی کەکس"ی جەنەرال و نوێنەری مەندوبی سامی لە عەراق دوای ڕزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عەراق دەریکردووە و ئەم بەاوکراوەیەش لە ڕۆژی یانزەی کانوونی دووەمی 1921 لەسەر هەموو تاکێک لە سەربازکانی سوپای عەراق لە هەموو ناوچەیەکی عەراق پیادە و جێبەجێکراوە. لە 28 تەموزی هەمان ساڵیش یەکەم فەوجی سوپای عەراقی بەناوی "موسا کازم" دامەزرا.**

هاوکات لەسەر راسپاردەی بەریتانییەکان و پشتگیریی ئەفسەرانی سوپای ئینگلیز "جەعفەر عەسکەری" کرایە یەکەمین وەزیری بەرگریی عێراق کە ئەویش پەیوەندیی کرد بەدەستە نزیکەکانییەوە تا هاوکاریی بکەن. *** ئیدی لەم رێکەوتە بە دواوە سوپای عێراقی بە فەرمیی دادەمەزرێت، بە تالیۆنێک پێکدەهێنرێت بە ناوی تیپی هاشمی کە تیپەکی سوارە بوو، بەنام وردە وردە بە پێی تێپەڕینی کات و لەسەر داخوازیی بەریتانیا سوپای عێراقیی گەشەی کرد هەم لە رووی ژمارە و هەم لە رووی چەک و تەقەمەنی و ئامێرە جەنگییەکانەوە. ئەگەرچی حکوومەتی عێراقی ناچارکرابوو تەنێ لە حکوومەتی ئینگلتەرە چەک و چەت بکەێت، بەنام بە بڕاوورد بە کات و ژمارە و توانای سەربازیی سوپای عێراق، سوپاکە لە چەکی کەم نەبوو.
نووسەری ناسراو "پیتەر سلاگت" لە بارەی ئەو گەشەکردنەی سوپای عێراقییەوە دەنووسێت: دامەزراندنی سوپای عێراق لە شەشی کانوونی دووەمی 1921 بڕە بڕە لە ژێر رکەفی ئینتیدابدا قەبارەکەی گەورە بوو، لە3500 سەربازەوە بە 12 هەزار سەرباز، بەنام دیسان دامەزراندنی ئەو سوپایە و پەروەردەکردنی بەو شێوەیەی بەریتانیا و مەلیک دەیانویست هەژموونێک بوو بە دەسەاتی ئەوکاتە.. بەریتانیاش بەشێوەی کرداریی عێراقی بەنەوە دەبرد و لە هەموو بڕنە و ناخۆشییەکدا هاوکاریی سوپای عێراقی دەکرد لە سەرکوتکردن و راوەدونانی شەشگەانی عێراقیدا. "3". بەپێی هەندێک سەرچاوەی مێژوویی، سوپای عێراق لە ساڵی 1933 لە12 هەزار سەرباز پێکهاتبوو، ئەم ژمارەیە لەساڵی 1935 بەرز دەبێتەوە بە 15هەزار سەرباز، تا ئەوەی لە کاتی شەشی چواردەی گەلاوێژی 1958 لەلایەن "ئەفسەرانی ئازادیخواز"ەوە، ژمارەی سەربازانی خەی لە نزیکەی "20" هەزار سەرباز داوە. بە گوێرەی زانیاریی لیوا "مەنسوور حەفید"یش گەشەکردنی ژمارە و توانای سەربازیی سوپای عێراق بە پێی چەند قۆناغێک بووە. ناوبراو لەلای خۆیەوە بەم جۆرە گەشەکردنی سوپای عێراق ریزبەند دەکات:

- لە حوزەیرانی ساڵی 1921دا یەکەم فەرمانگەی تەجنیدی گشتیی سوپای عێراق، خەبەخش دامەزرا.
- یەکەم فەوجی سوپای عێراقیی "لە سەرەتای دامەزرانیدا" ناوی لەنرابوو فەوجی "موسای ئەلکازم".
- 28ی ئازاری 1928 حەقدە قوتابی عێراقیی بە فەرمووونی لەخۆینی فەەکەی جەنگیی لە بەریتانیا وەرگیران.
- 22 نیسانی 1931 یەکەمین وەجبەی فەەکەوانانی عێراقیی لە کولێژی کرانویل لە ئینگلتەرە دەرچوون.

- لە23 تشرینی یەکەمی ساڵی 1937 دامەزراندنی یەکەم مەفرەزەی تانکی سووکی عێراقیی.
- ساڵی 1937 دامەزراندنی یەکەمین یەکەی هێزی دەریایی عێراقیی.
- یەکی تشرینی یەکەمی ساڵی 1938 کردنەوەی یەکەمین کولێژی ئەرکان لە شاری بەغداد. "4".

ڕەنگبێ یەکێکیش لە هەکارەکانی گەشەکردنی سوپای عێراقی جیا لەشێ و شێ و سەرکوتی ناوخۆیی، پابەند بێ بەسەپاندنی خزمەتی سەربازیی زۆرەملێیی. یەکەمین کەسێکیش یاسای زۆرەملێیی پێ کردبێت، ژەنەرال "جەعفەر عەسکەری" بێ ڕەگەز کورد بوو، چوون ئەو یەکەم کەسێک بوو لە جیاتی تێبووش سیدارەی خستە سەری. جەعفەر عەسکەریی کە لە یەکەم کابینەی حکوومەتی عێراقیدا، شالیاری بەرگریی بوو، ئەو یەکێک بوو لە کەنە ئەفسەرەکانی سوپای عوسمانلیی، عەسکەری یەکەم کەسیش بوو داوای لە کەنە ئەفسەرەکانی سوپای عوسمانلی کرد یارمەتی بدەن لە دامەزراندنی هێزی ئەرتەشی عێراقیدا. بە ئەو مەبەستە لە ڕۆژی بیست و دووی تشرینی دووەمی ساڵی 1923 پێشنیارەکی پێشکەش کرد بە ئەنجوومەنی دامەزرێنەری سوپا کە لەوەدا دەڵێ: بەرگریکردن لە عێراق ئەرکەکی نیشتمانییە. ئەم دەربڕینە هاوواتای سەربازیی زۆرەملێی دەگەڕێتەوە. عەسکەری لە یادداشتنامەکەدا نوسیبووی "سوپا لەنەو گەلاندا ڕەمزی ژیانێ و کەڕەکەی سەربەخۆییە، هەروەها سەربەخۆیی میللەت و پاراستنی کەرامەتی بە پاپشت و ئاواتی سوپای بەگانە نایەتەدی".

ئەگەرچی حکوومەتی پادشایی ئەوکاتی عێراق بەهەی پاشکەیی بە سیاسەتی ئینگلتەرە ئەم خواستەی پشتگوێخست، بەڵام دواجار ئەو حکوومەتە لەڕۆژی 12-6-1935 بڕیاریدا یاساکە جێبەجێ بکرێت، کە ئەمەش زنجیرەیەک خەپیشاندان و ناڕەزایی تووندیی جەماوەریی بە دوای خۆیدا هێنا لە سەرجەم ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا. دەستووری عێراق یەکێک لەو دەستوورانەیە گرنگیی بڕچاوی داوە بە سوپا، ئەمەش وێنەدانەوەی خواستی دەسەڵاتداران بووە کە خوازیاربوون سوپا وەک شتێکی پیرۆز و بایەخدار سەیر بکرێت و خۆیک لەسەر ئەوە رابهێنرێت بە گرنگییەوە بڕی بڕوانن. (دەستووری کاتیی 1958 کە لە27-7-1958 نوسراوە، لە ماددەی 17دا سوپا بەموکی گەل دادەنێ و ئەرکی پاراستنی سەروەریی وڵات و سەلامەتی زەویەکانی پێ دەسپێردرێ. لە دوای کودەتای 1963 و لە

دەستووری کاتیدا کە لە29 نیسانی 1964دا نوسراوە، بایەخی زیاتر بە پێگە و ئەرکەکانی سوپا دراوە و خاڵی سێیەم لە بابی چوارەمی سیستمی حکومەانیی و لە میانەی شەش ماددەدا "77- 82" بە ئەم مەبەستە تەرخانکراوە). "5".

لە سەردەمی پاشایەتیدا ئاگەرچی چەند کودەتایەکی سەربازیی رووياندا، بەڵام گەشەکردنی ژمارەی سەربازان و توانای سەربازیی سوپای فەرمیی عێراق، لەسەرخە و تاراددەیەک سروشتیی بوو. بەڵام لە دوای شۆشی چواردەی گەلاوێژی 1958ەوە، بەرە بەرە هەم سوپا بایەخی زیاتری پێدرا و گەشەیەکی نائاسایی بەخۆوە بینی، ئەمەش بەهەی ئەوەی ڕەوشی سیاسیی عێراق تەواو ئاڵۆزیی بەخۆوە گرت، لەلایەک چەندین ڕەوتی وەک ناسیۆنالیستە تووندڕەوەکانی عەرەب لە هەوەی کودەتادا بوون، لەلاکەی تر لەساڵی 1961 بەولاوە شۆشی کورد بە ڕابەرایەتی "پارتی دیموکراتی کوردستان"و مەلا مستەفا تاویسەند. ئەم دوو هەکارە بوونە هەکاری زیاتر بایەخدان بە یەکە سەربازییەکان لەلایەن حکوومەتی "عەبدولکەریم قاسم"ەوە. لەبەر بە دواوە حکوومەتی عێراقی جیا لەوەی چەند هەزەکی تری نافەرمیی دروستدەکات لە وڵەی جاشە کوردەکان، لە هەوێشدایە توانا سەربازییەکانی زەرتر پەرە پێبدات و ئاستی سوپای عێراق بەرز بکاتەوە بە ئاستی سوپا ناودارەکانی جیهان. لەم پەناوەدا حکوومەتی عێراق هەوەدەدات کەنتاکت لەگەڵ چەندین دەوڵەت ببەستێت بە بەدەستهێنانی چەک و تەقەمەنی سەردەم بە مەبەستی بەهێزکردنی سوپاکەی بە بەرپەرچدانەوەی هەر پیلانێکی ناوخۆیی لەلایەن عەرەبە ناسیۆنالیستەکانەوە، هەم بە دامرکاندنەوەی شۆشی ئەیلوول کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر کەپەی دەسەند و بەهێز دەبوو، بەڵام (سەختترین سەردەمی سوپای عێراق ئەو کاتە بوو بەعسییەکان دەسەاتیان بە دەستەوە بوو، چوونکە دوای هاتنە سەرکاری سەدام، سوپای عێراق کرایە 44 فیرقە و لە ساڵی 1990یشدا ئەو ژمارەیە بە 63 فیرقە بەرز بووەوە). "6".
دروست لەگەڵ هاتنە سەرکاری بەعسییەکان لە ڕێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە "1968"، بایەخی زیاتر درا بە سوپا، بەعسییەکان چوونکە خۆنی نیشتمانێکی عەرەبیی گەورە و لەناوبردنی جولەکەیان هەبوو، هاوکات سوپاکەیان بە دەاویی لە جەنگی عەرەب– ئیسرائیل گەابووەوە، دەیانویست بەهەر نرخێک بووە عێراق لەڕی بەهێزکردنی سوپاکەیەوە وەها لەبکەن دەسەاتی

بەسەر تەواوی ناوچەکەدا بشکێت، هەروەک خوازیاربوون لە رگەوە بزووتنەوەی کوردایەتی و نەژادی گەلی کورد دەربکەشن. بەعسییەکان چەندان بەندیان لەگەڵ سەقەتی سووردا واژە کرد بە کەینی نوێترین چەک و لاپاڵم و باڵۆفەی سیخەی روسیی، بەڵام واقیعی عێراق زۆر لەوە سەختتر ببوو بەم چەکانە کۆنترۆڵ بکرێت یان بتوانرێت بەو چەکانە شەڕشی کۆپەسەندووی کوردەکان بە هاوکاریی ئێران و ئیسرائیل و ئەمریکا دابمرکێنرێتەوە. بەیە سەرانی دەوڵەتی عێراق هەر لە دەیەی شەستەکانی سەدەی رابردووە بیریان لە بەدەستهێنانی چەکی کەکوژ و کیمیایی دەکردەوە.

"دەبلیو سیت کاروس" پێیوایە "عێراق بەرنامەی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی لە ساڵەکانی دەیەی 1960 و زۆر لەپێش لەوەی سەدام بگاتە دەسەڵات دەستپێکردبوو". جیا لە هەموو ئەمانە قەناغی باڵابوونی زیاتر و گەیشتنە لوتکەی سوپای عێراقی هاوکاتە لەگەڵ هاتنە سەرکاری سەدام حسێن "1979"، چوونکە سەدام خولیایەکی لە رادەبەدەر و زیاتری لە هەر سەرکەکی عێراقیی هەبوو بە بەهێزکردنی سوپا هەم لە رووی چەندایەتییەوە، هەم لە رووی چۆنایەتییەوە. ئەوەبوو سوپای عێراق پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە بینی، تەنانەت لە ساڵی 1990دا عێراق خاوەنی زیاتر لە یەک ملیۆن سەرباز بووە، ئەمە بەجگە لەوەی خودانی تازەترین تەکنەلۆژیی چەک و چۆ بووە. "ریچارد بێننێت" لەو رووەوە دەڵێت (لەشکری عێراقیی لە ساڵی 1990دا یەکێک بوو لە لەشکرە گەورەکانی جیهان، بەڵام لە کۆتایی یەکەمین جەنگی کەنداودا بەر بەرەیەکی تەواو باڵی بەسەر پاشماوەکانی یەکە سەربازییەکانی لەشکرەکەدا کێشا، وایان لێهات لە هەموو لایەکەوە لەلایەن دوژمنەکانیانەوە زەبریان لێدەکەوت).
حکوومەتی بەعس بەوە رازی نەبوو لە سنوورەکدا سوپاکەی قەتیس بکات، بەڵکو دەیویست سوپاکەی بکاتە سوپایەک پشت ببەستێت بە تەکنەلۆژیترین چەکی سەردەم، بە تایبەتیی چەکی کەمەکوژ. سەرانی بەعس بە رێبەریی "سەدام حسێن"، هەموو توانا و وزەی خیان بەکارهێنا تا وەتەکەیان بکەنە خاوەنی چەکی کیمیایی و ئەتۆمی. ئەم هەوڵە لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە زۆرتر بڕەوی سەند. بە ئەو مەبەستە وەزارەتی بەرگریی و وەزارەتی پیشەسازیی سەربازیی لە چەندان رەگەی جەربەجەرەوە کەنتاکتیان لەگەڵ دەوڵەتان و چەندین کەمپانیای جیاجیا

گرەدا تاکو ئەو خەونە بهێنێدی. بەهام ئیسرائیل کە زیاد لە هەمووان هەستی بە مەترسیی عێراقێکی خاوەن چەکی ئەتەمی دەکرد، زۆر زوو، لە ساڵی 1981 لە ڕێگەی لێدانی هەواییەوە بنکەکانی کۆری ئەتەمی عێراقی کاول و تێکوپێکدا، ئەمەش وەهای لە"مەناحیم بێگن"ی سەرۆکی ئەوکاتی ئیسرائیل کرد بە خۆشحاڵییەوە بڵێت وەک خێی ئامانجەکەمان پێکا و خەونی لەناوبردنی ئیسرائیلمان پووچەڵ کردەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا حکوومەتی سەدام هەر بەردەوام لەسەر سەرقاڵییەکانی تا دواجار توانی عێراق بکاتە خاوەنی چەکی کیمیایی.
(ڕژێمی عێراق توانی لە چەندەها بواری هەمەجۆری تەکنەلۆژیای ناوکییدا مەشق بە کادرە تەکنیکی و ئەندازییەکانی خێی بکا تا ئەو ڕادەیەی کە ژمارەی زاناکان گەیشتە 500 زانا و ژمارەی ئەندازیاران و تەکنیککاران گەیشتە 5-7 هەزار کەس، جگە لە20 هەزار کارکەری تری ئەم بوارە. سەرباری ئەمەش بودجەیەکی زۆر تەرخانکرا کە گەیشتە 12 ملیارد دۆلار کە لەم کەرتەدا خەرجکرا، جگە لەوە، ڕژێم چەند دەزگایەکیشی دروستکرد پەیوەندییان بە بەرنامە ناوکییەکەیەوە هەبوو، کە ژمارەیان گەیشتە 28 دەزگا و پێکهاتە، لەوانە چەند مەبەندێک بە لکێنەوە و نەخشەسازیی و پیتاندنی یۆرانیەم و چەند ناوەندێکیش بە ئەلکترۆنکاریی و تاقیکردنەوە). "7". ئەوەی زیاتر عێراقی هاندەدا بە ئەوەی لە زووترین کاتەدا تەکنەلۆژیی سەردەمی چەک بەدەستبهێنێت بە تایبەت چەکی ناوکیی دوژمنایەتی بوو لەگەڵ ئیسرائیل لەلایەک و شێوەی دەستەویەخێی لەگەڵ ئێران و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەلاکەی تر بوو. ڕژێمی بەعس لە دەیەی هەشتاکاندا زۆرترین بودجەی لە داهاتی وڵاتەکەی بە بەرهەمهێنان و کەینی چەک و تەقەمەنی تەرخانکرد. هەندێک لە توێژەران و پسپۆران سەرسوڕمانی خۆیان نیشان دەدەن لەوەی بە درێژایی هەشتاکان عێراق زۆرتر لەو بڕە دیاریکراوەی بە سەرجەم کەرتەکانی تەندروستی و خزمەتگوزاریی تەرخانی کردبوو، بودجەی بە کەرتی سەربازیی و پەرەپێدانی یەکە سەربازییەکانی تەرخان کردبوو.
Judit Miller، Laurie Mylroie دەربارەی فراوانبوون و خەرجکردنی ژمارەیەکی خەیاڵیی پارە بە سوپا لە سەروەختی جەنگی ئێران– عێراقدا دەنووسن "لەم ساڵانەدا بارودۆخی ئابووری ئەم وڵاتە زۆر خراپ ببوو، سەدام هەموو پاشکەوتە دارایەکانی خێی بە کەینی چەک و تەقەمەنی سەرفکردبوو. لە دوو ساڵی سەرەتای جەنگ، عێراق 10 ملیارد دۆلاری یارمەتی

دارایی لە وڵاتانی عەرەبیی وەرگرت کە هەمووی بە کەینی چەک تەرخانکرا". "8". هەر لەمبارە، ئەنیستیتۆی نەوتی ئاشتی ستۆکهۆڵم بڕاوردی کردووە: عێراق لە ساڵی 1984 بە بەهای نزیکەی 14 ملیارد دۆلار چەکی کڕیوە و بەکاریهێناوە. بە پێی بڕاوردی "ئانتانی کوردسمان" کە یەکێکە لە شارەزایانی ئەمەریکیی، حکوومەتی عێراقیی لە نێوان ساڵەکانی 1982- 1985 نزیکەی 27 ملیارد و 300 ملیۆن دۆلار و لەنێوان ساڵەکانی 1986- 1989 نزیکەی 15 ملیارد و 500 ملیۆن دۆلار کە کەی گشتیی زیاتر لە42 ملیارد دۆلارە لەم حەوت ساڵەدا چەکی هێناوەتە ناو وڵاتەوە. ئەو تەنانەت لەو بڕوایەدایە تینووەتی سەدام بە چەک لەماوەی ئەم ساڵانەدا لەم ژمارە سەرسوڕهێنەرەش زیاترە. حەزی سەدام بە کەینی چەک تەنانەت پاش کۆتاییهاتنی جەنگ لەگەڵ ئێرانیشدا کۆتایی نەهات، بەشێوەیەک لە ماوەی پێنج ساڵی پاش تەواوبوونی شەڕ، عێراق گەورەترین وڵاتی کەیاری چەک و پێداویستیی سەربازیی بووە. بەپێی بڕاوردی شارەزایان 9% هەموو چەکە فڕۆشراوەکانی جیهان لەلایەن سەدامەوە کەدراون. "9".

ئاگرچی لە دوای ئۆپراسیۆنی "گەردەلوولی بیابان" سوپای عێراق لە ڕووی مەعنەویی و ماددییەوە بە تەواویی تێکشکێنرا، بەڵام سەدام حسێن زۆر لەوە سەرکەشتر بوو بەو گورزوەشاندنە دەست لەو خولیا و حەزە شەتانییەی خەی هەبگرێت. بۆیە لە ساڵانی ئابڵووقەی ئابووری و بازرگانیی نێودەکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر عێراق، لە کاتێکدا بەندی حەوتی نۆتەوە یەکگرتووەکان ڕێگریی دەکرد لە عێراق چەک و چەت بکڕێت، بەڵام رژێم بڕێگەی قاچاغ لە هەوەدا بوو لە ڕێگای ئۆکرانیا و ڕوسیا و بە بڕتیلدان لەناو تورکیادا، ژمارەیەکی زۆری چەک و پێداویستیی سەربازیی بهێنێتە ناو عێراقەوە، هەتاکو ئەمەریکا و کەمێکی نێودەوڵەتیی پێیانزانی کار لە کار ترازابوو، بەم جۆرە جارێکی دیکە سوپای عێراقیی بەهێز کرایەوە و چەندان یەکەی وەک "گاردی کۆماریی و سوپای قودس و گیانبەختکەرانی سەدام" لە دژەوەی سوپای فەرمیی بە توانایەکی ماددیی و لۆجیستیی زۆرەوە قووتکرانەوە کە کاریان تێنیا داکۆکیکردن بوو لە رژێم و سەرکوت و لەناوبردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد و هێزە بەرهەستکارە شیعەکانی باشووری عێراق. تا ئۆکاتەی لە پرسەی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە لە بەهاری 2003دا بە تەواوەتی لەبەریەک هەوەشایەوە و هەموو تەکنەلۆژیا سەربازییەکەشی لە

کیس چوو.
شارەوا نییە سوپا لە عێراقدا جگە لەوەی ئامرازێکی سەرکیی بووە بۆ سەرکوتی نەیارە سیاسییەکان و هەمیشە لە بەرژەوەندیی چینی دەسەڵاتدارەدا بووە، لە هەمان کاتدا نابێت نکۆڵی لەوەش بکەین خودی سوپا و پێستە هەستیارەکانی سوپا بە کەمینەی سوونە مەزهەبی عەرەبیی بووە. ئەم سیاسەتە وەنەبێ تەنیا لە سوپادا رەنگی دابێتەوە، نەخێر ئەم رامیاریە شۆڤێنییە لەسەر هەموو ئاستەکانی بەڕێوەبردن، بە رووبی بەرجەستە ببوو. (حکوومەتەکانی عێراق هەر لە دابەشکردنی پێستەکانەوە مامەڵەیەکی ناواقیعیان لەگەڵ کورددا کردووە، ئەم مامەڵەیە، یەک لە پێدانی دەسەڵاتەکاندا دیاری دەدات، بە نموونە لەساڵانی 1921 تا 1936 لە "57" پیاو بە بەڕێوەبردنی کابینەکانی حکوومەت دانرابوون، تەنیا "5" کەسیان شیعە و کورد بوون، لە سەرانسەری دەسەڵاتی بنەماڵەدا لە1921- 1958 پێنج وەزارەتە گرنگەکە بە دەست سوونە بوون، ئەم باڵادەستییەی سوونە لە ئاستی ناوخۆشدا رەنگی دابووەوە، بە نموونە لەساڵی 1933دا سوونەکان لە14 هەرەم، حوکمی 13یان دەکرد، هەروەها 37 قایمقامیان لە کەی 43 قایمقام بەدەستەوە بوو). "10".
لە ژێر رووناکیی ئەم راستییە سادەیەدا بۆ بۆچوونێ دگەین، سیاسەتی دوورخستنەوەی کورد و شیعە لە فەرمانڕەوایی و پێستە هەستیارەکان تەنە لە سەردەمی بەعسەوە دەستی پێنەکردووە، بەڵکوو مێژوویەکی درێژ و کەنتری لە دیرەکی سیاسیی عێراقدا هەیە. لەم رووەوە "پیتەر سلاگت" پێیوایە "ئەگەر بینەوە سەر لایەنە ئەرێنییەکانی دەوڵەتی نوێی عێراق، کە خێی لە دەستوور و پرسەی دامەزراندنی سوپای نیشتمانیدا دەبینێتەوە کە لە کانوونی دووەمی 1921دا هاتە کایەوە، ئەمەش هەر لە بەرژەوەندیی عەرەبی سوونە بوو کە بەشکی کەمایەتییان لەو وەتەدا پێکدەهێنا". "11". بەعس لە هەموو حکوومەتەکانی تری عێراق جیددیتر و کاریگەرانەتر کوتە دامەینی کورد و شیعە لە پێستە هەستیار و گرنگەکانی سوپادا. تەنانەت بەدرێژایی هەشتا ساڵ یەک فەکەوان نەبووە لە ریزەکانی سوپای عێراقیدا بە رەگەز کورد بووبێت، یان نەبیستراوە لەو ماوەیەدا هیچ کام لە وەزیرەکانی بەرگریی سەردەمی حکوومەتی سەدام تەنانەت کوردەکی بەعسیش بووبێت. ئەمەش بە گرنتیکردنی ئەوە بووە سوپا بە کودەتای سەربازیی بکارنەهێنرێت لە دژی دەوڵەتی بەعس.

کاریگەریی سوپا لەسەر سیاسەت و شێوەی فەرمانڕەوایی

سوپای عێراق یەکێک لەو سوپایانە بووە بەردەوام کارتێکردن و کاریگەرییەکی راستەوخۆی لەسەر پرۆسەی سیاسیی وڵات هەبووە، یان بەدەربڕینێکی دیکە سوپا بەڵایەن نەبووە لە بەرامبەر سیاسەت و پرسەکانی بەڕێوەبردن و حوکمداریی. وەک لە سەرتاشێوە ئاماژەی پێدرا بەهۆی ئەو چەپاندنە سیاسییەی هەر لە سەرەتای دروستبوونی عێراقەوە لەم وڵاتەدا بەڕێوەچووە و هەروا بەهۆی نەبوونی زەمینەیەکی کراوە و دیموکراسی، تاکو هێز و بزووتنەوە سیاسییەکان چالاکیی تێدا بکەن و کار بکەن بە وەدەستهێنان و بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی، ئەوە ڕێگەی کودەتای سەربازیی لە زەرترین بارەکاندا ڕێگەچارێیەکی ناچاریی و تەنیا بووە بە گۆڕینی مەیلی حوکم لە عێراقدا. بەیەکا دەبینین هەر لەسەرەتاوە سوپا بەردەوام لەلایەن بزووتنەوە سیاسییەکانەوە بەکارهێنراوە بە گۆڕینی رژێمە فەرمانڕەواکان، بەم هەیەوە لە ماوەی چەند دەیەی تەمەنی ئەو سوپایەدا چەندان کودەتای سەربازیی سەرکەوتوو و سەرنەکەتووی ئەنجامداوە. بەپێی سەرچاوە مێژوویەکان تەنیا لەماوەی نێوان ساڵانی 1921- 1979 کە هاوکاتە لەگەڵ هاتنە سەرکاری "سەدام حسێن"، سوپا 13 کودەتای سەربازیی ئەنجامداوە کە بەشکیان سەرکەوتنیشیان مسۆگەر کردووە.

یەکەمین کودەتای سەربازییش لە مێژووی عێراقی قۆناغی فەرمانڕەوایی پادشایەتیدا، بە فەرماندەیی ژەنەرال "بەکر سدقی" بە ڕەگەز کورد لە ساڵی 1936 ئەنجامدرا و پاش سەرکەوتنی، حکوومەتکی نوێی بە سەرکایەتی "حیکمەت سەڵمان" پێکهێنا و خەیشی بووە وەزیری بەرگریی ئەو حکوومەتە. بەهۆی ئەوەی "بەکر سدقی" هەستکی کوردانەی هەبوو و چەندین ئەفسەر و پلەداری کوردی لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە و دژی ناسیۆنالیستی عەرەبیی بوو، لە ساڵی 1937 لە کاتکدا بە نمایشکی سەربازیی سەردانی تورکیای کرد، لە شاری موسڵ کەوتە بەسەیکەوە و دوای ئەوەی گوللەیک لەسەری درا، کوژرا."12". هەر لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پادشایەتیدا چەندین کودەتای سەربازیی دیکە ڕوویاندا، لەوانە کودەتای ساڵی 1941کە لەلایەن ئەفسەری ناسراو "سەلاحەددین ئەلسەباغ"ەوە لە دژی حکوومەتکەی "تەها هاشمی" سەریهەڵدا. دوای سەرکەوتنیان دەستەی کودەتاچی حکوومەتکی نوێیان بە سەرکایەتی "ڕەشید عالی گەیلانی" پێکهێنا، کە نازناوی "حکوومەتی بەرگریی نیشتمانیی" پێدرابوو، وەلیعەهدی وڵات "میر عەبدولئیلاه" لە ترساندا هەڵات و پەنای بە یەکێکی سەربازیی خێیان برد لە نزیک شاری "دیوانیە"، بەڵام دواتر حکوومەتە نوێیەکە

چوونکە خوازیاربوو لە ژێر رکەفی بەریتانییەکان بێتە دەرەوە، بە هەماهەنگیی بنەماڵەی مەلیکی عێراق و بەریتانییەکان تێکشکێنرا و چوار لە سەرکردە سەربازییەکانی کودەتا لە سەدارەدران، خودی "سەلاحەدین ئەلسەباغ"یش ناچار بە هەڵاتن بوو سەرتا بە تورکیا و پاشان بە ئەڵمانیا، دواتریش گەڕایەوە مەملەکەتی عەرەبیی سعودیە و داوای مافی پەنابەرێتی لێو وەاتە کرد."13".
گەورەترین و کاریگەرترین کودەتایەک لە سەردەمی پادشایەتیدا رووید بێت، کودەتای ئەفسەرانی ئازادیخواز بە سەرکردەیی "عەبدولکەریم قاسم" بوو لە14 گەلاوێژی ساڵی 1958دا. ئەم کودەتایە تەواو سیمای سیاسیی و فەرهەنگیی کەمەگەی عێراقی گەڕی و کەتایی بە رژێمی پادشایەتی هێنا و لە جێگەیدا رژێمی کەماریی جێگیر کرد. هەر لێو چوارچێوەیدا کەمەک چاکسازیی سیاسیی و ئابووری دەستیانپێکرد، بەتایبەت بە یەکەمین جار دەستووری عێراقی دانی بە هاوبەشێتی کورد و عەرەبدا نا لە وەاتی عێراقدا. لە ماوەی پێنج ساڵی حکومی عەبدولکەریم قاسم "1958-1963" دا چەندین هەوڵی کودەتا و تیرۆرکردنی قاسم بەدەوە چووە، لە هەشتی ئازاری ساڵی 1959 بزووتنەوە هەگەاوکەی شەواف "عەقید عەبدولوەهاب شەواف" فەرماندەی لیوای پێنج لە موسڵ، هەوڵی کودەتایەکی سەربازییان دا بە یارمەتی هەندەک ئەفسەری عەرەب و تورکمان، بەڵام لە کەتاییدا بزووتنەوەکە دامرکێنرایەوە و "شەواف"یش لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە کوژرا. بەهەی ئەوەی حکوومەتی قاسم لە بەدەنەکانی خێی پشیمان ببووەوە لە پەدانی مافەکانی کورد، بە پشتوانەوە لە شەڕکی نابەرامبەردا بوو لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، بارودۆخی ناوخۆیی عێراق شڵەژان و ئاڵۆزییەکی سەرسوهێنەری بەخۆوە بینی، ئەمەش دەرگای خستە سەر گازاری پشت بە بەعسیی و ناسیۆنالیستە عەرەبەکان لە رژێی هەشتی شوباتی 1963 کودەتایەکی سەربازیی بەسەر حکوومەتەکەی "قاسم"دا بکەن و خودی سەرۆک کەمار و چەند وەزیر و هاوەڵێکی، بە دیلیی بکەونە بن دەستی کودەتاچییەکان. سەرکردەکانی کودەتا بە تایبەت "عەبدولسەلام عارف" خوازیاربوون بەهەی کوشتنی قاسم و هاوەڵێکانییەوە کەشکی تەقاندن لە عێراقدا نیشان بدەن. ئەوەبوو لە دادگاییەکی سەربازیی خێرا و کارتێنیدا فەرمانی خنکاندن و لە سەدارەدانی عەبدولکەریم قاسم و هاوکارەکانی پەسندکرا و زێر بە خێرایش حکومەکە جێبەجێکرا.
سەمیر خەلیل "کەنعان مەکیە" لە کتێبەکەیدا "کەماری ترس" دەربارەی دیمەنەکانی لە سەدارەدانی کەریم قاسم و هاوکار و دەست و پێوەندەکانی، دەنووسێت "لاشەکەیان هێنا بە ناو ستادیۆ و لەسەر کورسییەک دایاننا. سەربازێک لە تەنیشت لاشەکەوە بە وەستاویی

دەردەکەوت، سەربازەکە بەشە جەربەجەرەکانی لاشەی قاسم لەگەڵ هەندە ڕوونکردنەوەدا پیشانی خەڵکی دەدات. لە ناکاودا ئەم دیمەنانە لا دەچوو و چەند دیمەنێکی تر لە شەڕی قاسم و لایەنگرانی ئەو لەگەڵ کودەتاچییەکان کە لەوزارەتی زانیاریدا ڕوویدا بوو نیشانی بینەران دەدران". "14". دوای کودەتای هەشتی شوبات، حکوومەتێکی نوێ بە سەرکایەتی ژەنەرال "عەبدولسەلام عارف" پێکهات، بەڵام دیسان ئەم حکوومەتەش لە هەڵەشەی کودەتا دەربازی نەبووە، ساڵی 1966 سەرکی عەراق لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا و لە ئەنجامی کۆتنە خوارەوەی فڕۆکە، گیانی لە دەستدا. بەهەی ئەم ڕووداوەوە حکومی وەات کۆتە بن دەستی براکەی "عەبدولڕەحمان عارف". تەمەنی ئەمیش لە فەرمانڕەواییدا وەک کاکی کورت بووە، چوونکە زۆری نەخایاند و پاش کەمتر لە دوو ساڵ، بەعسییەکان لە ڕێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە کە لە ئەدەبیاتی بەعسیزمدا بە شەڕشی 17-30 تەموز ناوزەد دەکرێ "عەبدولڕەحمان عارف"یان لە ناوەڕاستی ساڵی 1968 لەسەر کار لادا و ناچار بە هەڵاتنیان کرد بە دەرەوەی وەات.

لە ساڵی 1968 بەولاشەوە چەندین هەوڵی تری سەرنەکەتووی کودەتا هاتنە ئارا، بەڵام زۆرینەیان بەهەی دەڵەقیی بەعسییەکانەوە بە زووبی دامرکێنرانەوە. لەوانە هەوڵی شکستخواردووی "نازم کەزاز"ی ئەندامی پایە بڵندی ئەمن و دەستی ڕاستی حزبی بەعس لە ساڵی 1973دا. لە سەروەختی دەسەڵاتی بەعسییەکاندا هەموو ڕەوشوێنک ئامادە کران بۆ بەرگرتن لە ئەنجامدانی کودەتای سەربازیی، بە ئەو مەبەستە یەکە نهێنییەکانی وەک موخابەرات و ئاسایش و چەند دامودەزگایەکی تر بۆ وردبینی چاودێریی تەنانەت هەڵسوکەوتی هاووڵاتیانی ئاساییان دەکرد. هەر لەم ساڵانە بە دواوە بەدیان هەزار بگرە سەدان هەزار ڕاپۆرتنووسی نهێنی دامەزرێنران، بۆ ئەوەی بە وردبینی چاودێریی جموجۆڵی هەر هاووڵاتییەکی سادەش بکەن. هەر بەم هەیەوە بوو لە ساڵی 1971 "سەدام حسەین" جەگری سەرۆک کۆماری ئەوکات، توانی بە لووتبەرزییەکەوە بە ڕۆژنامەنووسان بڵێت "ئەو ڕۆژانە تەپڵەی چەند کەسێک لە دەوری یەکتر کەبنەوە و بە چەند ئامادەکارییەک کودەتا بکەن و ڕژەم بوخێنن و خەیان بگەیێنن دەسەڵات. حزبی ئەمە زۆر بەهێز و چیتر مەڵەتی چالاکیی خائینانە بەم جۆرە کۆسانە نادات".
ئەگەر سەرنج بدەین لەوانەیە بگەینە ئەو ئەنجامەی لەمڕووی نوێی ڕۆژهەڵاتی نەویندا عەراق تاکە وەاتێک بێت زۆرترین ژمارەی کودەتای سەربازیی تێدا ئەنجامدراوە. هەروەک ئاشکرایە لە بەربەیانی

مژووەو تا بە ئەستا دەگات، لە سەرەوە تا بەعس، زەرترین ئاو سەرکردە و شا و میرانەی حوکمی عێراقیان کردووە بە کوشتنیان کۆتایی بە دەور و دەسەڵاتیان هێناوە. بەدەر لە کودەتای سەربازییش سوپای عێراق هەمیشە لە بەرژەوەندیی دەستبژێری فەرمانڕەوادا بەکارهێناوە، لە زەرترین جارەکاندا، سوپا ڕێکی ئەجگار دەندانەی بینیوە لە خامۆشکردنەوەی بزووتنەوە و ڕاپەڕینی گەلانی عێراقدا، هەروەک چۆن سوپا هەمیشە قەڵغانێک بووە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خاوەن شکۆ و میر و دیکتاتۆرە دەسەڵاتدارەکان، ئاواش هەمیشە دژی سەرهەڵدانە سیاسییە گەلانخوازەکان ڕێکی بێحمانە و ئەجگار هەڤاڵانەی گەلاوە.

سوپا وەک دامەزراوەیەکی سەرکوتکاریی ناوخۆیی 1921- 2003

سوپای عێراقیی ئەگەرچی یەکەک بووە لە پڕ چەکترین و قەڕەباغترین سوپا لەناوچەکەدا، بەڵام هەمیشە هەموو جەنگێکی دژەکیی دەڕاندبوو، تەنیا لە جەنگی لەناوبردنی هاوواڵاتیانی سڤیلی ناوخۆی وڵات سەرکەوتوو و دلێر بووە. ئەگەر بڕوانین سوپای عێراق لە دەیەی شەستەکانی سەدەی بیستەم "1967" لە جەنگی هەمەلایەنە و گشتیی عەرەب لەگەڵ ئیسرائیل کە زەرینەی سوپای عێراق لە خاکی وڵاتی "ئوردون"دا بوون، یەکەک بوو لە بەزیوترین سوپاکان!. جەنگی هەشت ساڵەی عێراق–ئێران چی مانایەکی تری نەبوو جگە لە بەزینی سوپای عێراق لە مەیدانی جەنگدا؟!. ئاوە لە هەردوو جەنگی کەنداودا سوپای عێراق نەک هەر نەیتوانی بەرگریی بکات و داکەکیی لە وڵاتەکەی بکات، بەپێچەوانەوە بە چەند ڕۆژێکی کەمی شاڵ، سەرلەبەر تەکوپەک شکا و ڕیزەکانی پەرتەوازە بوو. لە ئاستی ناوخۆیشدا سوپای عێراقیی نەیتوانیوە بە بە پاڵپشتیی دژەکیی و بەکارهێنانی چەکی کەمکوژ بەسەر هەزە بەرهەستکارە چەکدارەکاندا زاڵ ببێت!!، بە تایبەت هەمیشە لە بەرامبەر هێزی پێشمەرگەدا خاڵاگریەکی ئاوتەی تەمار نەکردووە، شیاوی نووسینەوە بێت لە لاپەڕەکانی مژوودا. ئەگەر یەک ساڵی شاڵی کورد و عێراق بە نموونە وەربگرین "1974- 1975" ئاو ڕاستییەمان لەلا ئاشکراتر دەبێت لە مەیدانی جەنگدا سوپای عێراقی نەک نەیتوانیوە کوردستان کۆنترۆڵ بکات بەڵکو توانای داکەکییەکی زەریشی لە خودی خۆی نەبووە، ئاخر بە هۆ نییە حکوومەتێکی بەهێزی خاوەن توانای ئابووری وەک عێراق لە ڕێی بەخشینی بەشەک لە وڵاتەکەی بە ئێران و چوونە ژێرباری ڕکەوتننامەیەکی مینا ڕکەکەوتنی جەزائیری ساڵی 1975ەوە خوازیار بێت بزووتنەوەی گەلی کورد تووشی نسکۆ و شکست بکات. چوونکە ڕوون بوو بۆ هەرگیز سوپا

وزەی نییە رووبەڕووی شۆشکی گەورە و بەهێزی وەک شۆشی ئیلوول ببێتەوە.

سوپای عێراق هەر لەگەڵ لە دایکبوونییەوە تا هەڵوەشاندنەوەی بەرپرسیاری چەندین سەرکوتکاریی ناوخۆیی هاووڵاتیانی هەموو گەلە جیاوازەکانی ناو عێراق بووە، ئەم سوپایە زیاتر لە جارێک پرسەی کەمکۆشتن و پەلاماردانی بە سەر هاووڵاتیانی سڤیل بەڵاوە بردووە، ئەم پرسەیە لە باشووری کوردستان بە سەختترین و کاریگەرترین شێوە تێپەڕیوە، بە ئەندازەیەک کەم ماڵ هەیە لانیکەم قوربانییەکی نەبێت لەسەر دەستی ئەو سوپایە، هەروەک چۆن کەم گوند و شارۆچکە هەیە زیاد لە جارێک نەکەوتبێتە ژێر رەحمەتی تانک و تۆپ و لاپاڵمی رژێمەکانی عێراق، ئەمەش وای کردووە زۆرینەی گوند و ناوچەکانی کەنار، لە باشووری کوردستان چەندان جار رووخێنران و سووتێنراون و خەڵکەکەشی ڕاگوێزراون. سوپای عێراق لە دەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا "ساڵانی 1924، 1926، 1927، 1928"، هەستاوە بە سەرکوتکردنی چەندین بزووتنەوە و ڕاپەڕینی میللیی و ئازادیخوازانە، بە نموونە لە هەرێک لەشارەکانی وەک "موسڵ، نەجەف، کەربەلا، بەسرە، ناسریە، ڕومادی"، هەروەها لە باکووریش چەندین هەڵمەتی بەڵاوە بردووە بە لەناوبردن و سەرکوتکردنی بزووتنەوە سیاسییەکانی گەلی کورد و ئاشوورییەکان، لە ساڵی 1924یش سوپا هەڵمەتێکی دەندانەی سەرکوتکردنی لە شاری سلێمانی بەڵاوە برد کە تێیدا ژمارەیەکی بەشوومار بوونە قوربانی.**** لە ساڵانی دواتریشدا بە هەمان شێوە سوپا ڕەشی سەرکیی و هەڤانەی گەڕاوە لە بەرپەچدانەوەی زۆرینەی شۆش و ڕاپەڕینەکانی گەلانی عێراق.

ئەم سەرکوتە زۆر دژوارەی سوپا لەبەرامبەر کورد و نەتەوە و گەلە ناعەرەبەکانی عێراق چەند قات زیاتر بووە. بە وێنە لەسەردەمی پاشایەتیدا سوپا دەورەکی وەحشەتناک و تووندی هەبوو لە کەمکۆشتنی ئاشوورییەکان لە باکووری عێراق. "لە11ی ئۆگستی 1933دا، یەکەیەکی سەربازیی پێ چەک لە ژێر فەرماندەیی ژەنەرال سدقی دا چووە شارۆچکەی سیمەلەوە. بەشێوەیەکی سیستماتیک دەستکرا بە ڕەشکوژیی لە پیاوان و ژنان و منداڵان. کە دانیشتووانەکەی ئاشوورییەکان بوون. لە جیاتی ئەوەی ئەم کەمکۆژییەی ئاشوورییەکان ببووایە بە ڕیسوایەکی نیشتمانیی، کەچی بووە سیمبۆل بە یەکێتی خاک و شانازیی نیشتمانیی. کەوانە ئامی سەرکەوتن لەسەر شەرەفی سوپا لە شاری موسڵ چەقێنرا، لە کاتی گەڕانەوەی سوپاش بۆ بەغداد، لە نمایشکی سەربازییدا لە شەقامەکاندا گوێباران کران". "15". سەرچاوە

مەژووییەکان ژمارەی کوژراوە ئاشوورییەکان لەم قەتلوعامە کوردانەیدا بە زیاتر لە4 هەزار کوژراو مەزندە دەکەن و هەندێک ژێدەریش پێیانوایە ژمارەی قوربانییەکانی ئەم پرسەی کەمەکوشتنە مەژووییە نزیکەی 5 هەزار کەس بووە. لەئەنجامی ئەم سەرکوتنەشەوە بوو ژنەڕاە "بەکر سدقی" بە ڕەگەز کوردی پاوانی جینسایدی ئاشوورییە مەسیحییەکان پلە سەربازییەکەی لە سوپادا لە عەقیدەوە بەرزکرایەوە بە فەریق.
هاوکات لەگەڵ کردەوەی هەمەتی پاکتاوی ئاشوورییەکاندا، کیومالەکی گەورەش لە کوردستان بەڕێوە دەچوو، لەو سەروەختانەدا کە شەڕی بارزان لە ژێر سەرکردایەتی "شێخ ئەحمەدی بارزان" لە کەپەسەندن و تاودا بوو، ڕژێمی پاشایەتی بە هاوکاریی باڵەفۆ و یەکە تایبەتییەکانی ئەرتەشی ئینگلیز بە خەستی پرسەیەکی کاولکاریی و کوشتاریان لە ناوچەکانی بارزان و دەوروبەری بەڕێوە دەبرد، ئەم پرسەیە سەختترین پرسەی کاولکاریی بوو لە بەرامبەر کورد لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا ئەو ڕۆژگارە. لە ساڵەکانی 1933-1934 "تەنیا لە ناوچەکانی بەرەژ، مزووری و شیروان 79 گوند وێران کران، لە سەرجەمی 2382 خانووبەرە 1365 خانوویان سووتاند و ڕووخاند، واتە 60%ی وێران کرا". "16". لە دوای خامشبوونەوەی مەشخەڵی شەڕەکانی بارزان و زاڵبوونی تەواوەتی حکوومەتی پاشایەتی بەسەر کوردستاندا، سوپا هیچ ئەپڕاسیۆنکی سەربازیی بەربڵاوی نەکردەتە سەر ناوچە کوردنشینەکان، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەر کات پەویستی کردبێت سوپا ئامادە بووە بە سەرکوت و کوژاندنەوەی ئاگری هەر ڕاپەڕینێک لە هەر لایەکی کوردستانەوە سەریهەڵدابێت.

ئەم جیا لەوەی حکوومەت بەشێوەیەکی سیستماتیک و پلان بەدا ژڕاو لە هەوڵی تەعریبکردنی ناوچە کوردنشینەکان و دانیشتنی مەرکی کوردیی هەندێک ناوچەیی ستراتیژیی کوردستاندا بوو، ئەم سیاسەتەش درێژەی کەشا هەتا ئەو کاتەی کەمەکەی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان لە ژێر ڕێبەریی قاسم– عارف "عەبدولکەریم قاسم– عەبدولسەلام عارف" لە ساڵی 1958، لە ڕەی کودەتایەکی سەربازییەوە ڕژێمی پاشایەتیان گەیی بە ڕژێمی کەماریی. لە سەرەتای دەسەاتی "قاسم"دا گەلێک هەنگاوی گرنگ لە ڕیفەرمی سیاسییەوە تا ڕیفەرمی ئابووری و کەمەایەتی و کشاوەرزی نران، لەناو ئەم پانتاییەدا بوارێک بە کورد ڕەخسا تاوەکوو بەشداریی بکات لە ژیانی سیاسییدا، لەوەو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیە پیشەیییەکانی بە ئاشکرا دەستیانکرد بە کارکردن. لە ساڵی 1959دا بارزانی "مەلا مستەفا 1903-1979" لە

تاراوگەو "سەقەت" گەیشتە بە عیراق و لە رێی کارنەقاڵەکی جەماوەریەوە پشوازیەکی گەرمی لێکرا، لەولاشەوە دەستووری عیراق بە یەکەمین جار دانی نا بە مافی کورد و هاوبەشێتی کورد و عەرەبدا لە چوارچێوەی وڵاتدا.
مانگی هەنگوینی پەیوەندیی دەستانێی کورد و حکوومەتی قاسم کورت بوو، ساڵی 1961 جارێکی دیکە گرژیی و ئاڵۆزیەکانی کورد و رژێمی بەغدا تەقینەوە و لە کوردستانەوە مەشخەڵی شۆش داگیرسایەوە، بەنام سوپای عیراق بە هیچ گوێدانێ پرنسیپێکی جەنگ و مەراڵی شکاندن، بە فڕۆکەی داپەسێنراندن کاوتە وێرانی خاک، کردەوە و ڕەفتارێ دوور لە پرنسیپێ سەربازیەکانی سوپای عیراق هەر بەوەوە نەوەستا هاووڵاتیانی بە دیفاعیش بکاتێ ئامانج، تەنانەت خانووبەرە و مزگەوت و کانی و ئشکەوتکانیش بەدەر نەبوون لە پرسەی وێرانکردن و لێناوبردن. "هاوینی 1961، رژێمی عەبدولکەریم قاسم، هەرشی کردە سەر کوردستان و نیوەی زیاتری سوپای عیراقیی بە هەرش لە دوای هەرش بەردایە سەر دانیشتووان، تا لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا نزیکەی 3000 سێ هەزار کەس کوژران، کە زۆربەیان خاکی مەدەنیی بوون. زیاتر لە سەد هەزار کەس ئاوارێ بوون و کاوتنە چیا، 150 سەد و پێنجا گوند و شار وێرانکران". "17".

لە ماوەی دوو ساڵی شەڕی کورد و عیراق "1961-1963" و تا رمانی رژێمەکەی قاسم لە رێی کودەتای سەربازیەوە، کوردستان لە هەموو لایەکەوە لە ژێر هەڕەشە و مەترسیی سوپادا بوو، بە ئەندازەیەک شوێنەک نەمابوو دەستی وێرانکارانەی سوپای عیراقی نەیگاتێ، گوندەک، شارەک، شارچکەیەک نەمابوو کوشتاری تێدا روونەدات. لەگەڵ هاتنە سەرکاری رژێمی "عەبدولسەلام عارف" لە دوای هەشتی شوباتی 1963، ئۆگرچی بە چەند مانگەک لێنەوان پارتی دیموکراتی کوردستان "کە ئەوسا رابەرایەتی شۆشی کوردی دەکرد" و رژێم، ئاگربەڕوویدا و چەند خولەکی دانوستان دەستیانپێکردەوە، بەنام ئەو مفاوەزاتانە لە چەند مانگەک ئاگربەڕولاوە چیتریان لە شین نەبوو، بەپچەوانەوە بە کۆتەکی دیکەش جەنگ لێنەوان هەردوولادا هەڵگیرسایەوە. ڕەنگە خوێناویترین کارەسات لەو قۆناغە لەلایەن سوپای عیراقەوە ئەنجامدرابێت ئەو هەڵمەت و ڕشبگیریە بێت لەژێر فەرماندەیی "زەعیم سدیق"دا لە زەرینەی ناوچەکانی کوردستاندا ئەنجامدرا. "11-6-1963 دیسانەوە شەڕ هەڵگیرسایەوە و لە مانگی یەکەمی هەرشدا نزیکەی 200 دوو سەد گوند سووتێنران و زیاتر لە 2000 دوو هەزار کەسیش کوژران، لە مانگی 7- 1963 وەفدی یەکێتی سۆڤێت لە نێتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند: شەڕی رژێمی عیراق لە

دژی کورد، شەڕی جینۆسایدە". "18". پێنج ساڵی حوکمی هەردوو عارف "عەبدولسەلام و عەبدولڕەحمان" بە یەکێک لەو وەستگە مژووییانە دادەنرێت لە مێژووی عێراق و کوردستاندا، کە سوپا زۆرترین کاولکارییی و کشتوبڕی لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا ئەنجامداوە.

هاتنە سەرکاری بەعسییەکان لە هاوینی 1968دا، قۆناغێکی تازەی سیاسیی بووچ سەبارەت بە کورد، چ سەبارەت بە عێراق و ناوچەکەش، ئاجیندای بەعس لە ئاجیندای تاکەای حکوومەتکانی پێشووی عێراق جیاواز بوو، بەعس هەروەک لە خودی ناوەکیەوە دەردەکەوت، بزووتنەوەیەکی سیاسیی نەتەوەیی عەرەبیی بوو دەیویست بیری عەرەبچێتی بژێنێتەوە و یەکێتییەکی بەهێزی عەرەبیی لەسەر ئاو جوگرافیایەی ناوی نیشتمانی عەرەبیی لێنراوە پێکبهێنێت، بە هێنانەدی ئەم خەونەش سەی لەهیچ پیلانێکی مەترسیدار و تاقێنەر و خوێناویی نەدەکردەوە، سەرانی بەعس بە باشی تێگەیشتبوون کارەکەیان ئاسان نییە و تەنانەت تێگەرە و کەسپی ناوخەیشیی لە بەردەمدایە، لەم سۆنگەوە بە پشتیستیان دەزانی لە سەرەتاوە گرفتە ناوخەییەکان و نەیارە ناوخەییەکان ریشەکەش بکەن، ئاوجا هەنگاوەکانی داهاتوویان بنێن، بەم هەیاوە سەردەمی دەسەاتی بەعس و دەندایەتی سوپای بەعس لە بەرامبەر کورد سەختترین قۆناغ و هەرگیز شایانی بەراووردکردن نییە بە قۆناغەکانی رابردوو. تیەریسیەن و پێغەمبەری بەعسییەکان "میشێل عەفلەق" کە وەک مێژوونووسی سوریی "بەسام گیبی" ئاماژەی بە کردووە زەر سەرسام بووە بە هیتلەر و پێیوابووە هیتلەر دواجار بەسەر نەیارەکانیدا سەردەکەوێت، لە زەرینەی نووسین و گوتارەکانیدا جەخت لەسەر یەکێتی عەرەب و رەنسانسی عەرەبچێتی و لەناوبردنی دوژمنانی ئەم خەونە دەکاتەوە. ئەو دەڵێت "دەبێت تەنیا عەرەبەکان لە وەاتی خەیاندا سەرگەورە و بەهێز بن". ئەم هزرینە لە دوا شیکردنەوەدا ئەوەمان بە تەفسیر دەکات لە غەیری عەرەب کەسی تر قبوڵ ناکرێت لە "نیشتمانیی عەرەبییدا" دەستەیشتووە بێت، ئەوەش هاوواتای لەناوبردن و پوکاندنەوەی بە زەر و جۆری هەموو ئەوانی دیکەی ناعەرەبە.

بەعسییەکان خوازیاربوون سەرەتا لە رێگەی هێنانەدی عەرەقکی سەف عەرەبییەوە شۆڕشێک بەرپا بکەن و پاشان بە یەک بە یەکێی پلانەکانیان لە سەرتاسەری نیشتمانیی عەرەبدا. ئەوەتا ئەم راستییە لە یەکەک لە بەندەکانی دەستووری عێراقی سەردەمی بەعسدا جەختی لەکراوەتەوە "عێراق بەشێکە لە نیشتمانیی عەرەبی و لە پێناوی وەدیهێنانی یەکبوونێکی گشتیی عەرەبییدا تێدەکۆشێت". "19" بوونی کوردیش لە عێراقدا لە روانگەی ئایدۆلۆژیای بەعسەوە بەربەستێکی لە رادەد

بەدەری بەردەم ئەو خەونە بووە، بۆیەکا بەعس بە هەمیشەیی کاری لەسەر داتاشینی وێنەیەکی دزێو و ناهەمواری کورد دەکرد. هەروەک "ئاراس فەتاح" دەڵێت "بەعسیزم ئەو سیستەمێە بوونی کورد لە ناو جەستەی کۆمەڵگا سیاسییەکێدا وەک هەکارەکی ناڕەحەتکەر و شێوێنەر تەماشا دەکات و لەوشەوە وێنەی بگانەیەکی پەدەبەخشێت کە لە رووی سیاسییەوە دەبێت بە دوژمن". "20" لەڕەوە پەژڕەی جینساید و لەناوبردنی ڕەگەزیی کورد نەک هەر دەبەتە ئەجیندایەکی سیاسیی بەکو بەپێی ئایدەلەجیای بەعس ڕەوایێش وەردەگرێت.
بەعس لە دوو ساڵی پێش ڕەکەوتنی ئاداری 1970ی نێوان کورد و حکوومەت "واتە ساڵانی 1968 و1969"، لە هەموو لایێنەکەوە لە رووی سەربازیی و سیاسییەوە پەژڕەی لە ڕەگەوە دەرهێنانی کوردی پێیەو دەکرد، هەر لەم ڕەکەوتە مەژوویێشەوە سەکوچکەی سیاسەتی بەعس دەرهەق بە کورد "تەعریب– تەرحیل – تەبعیس" دەستپەدەکات و پەدەنەتە سەرزەمینی واقیع، پیادەکردنی ئەم سێ سیاسەتەش لە دوا ئاکامدا جگە لە تواندنەوەی کورد هیچی تر نەبوو. سوپا لە بردنەپێشەوەی سەکوچکەی سیاسەتی بەعس ڕەکی ئەجگار بایەخداری هەبوو، لەم ڕوانگەشەوە بوو سەرانی ڕژەم کەوتنە هەوڵی بەهێزکردنی سوپا و خەنیکردنی جبەخانە و تەکنەلەژیای سەربازیی دەوڵەتکەیان. ئەگەرچی لە چوار ساڵی ئاشتی 1970-1974دا سوپا کەمترین دەوری هەبوو لە گەپانەکەدا، ئەمە مانای ئەوە نییە سیاسەتی سێنەوەی کورد وەستانی بەخەوە بینیبێت، بەڵام لەگەڵ دەستپەکردنەوەی خولەکی تری شەڕ، سوپای عەراقی کە سوودی لە پشووی چوار ساڵە وەرگرتبوو، بە یارمەتی نوێباوترین چەکی روسیی لە باڕەف و لاپاڵم و بەمبی فسفەریی و تەپی دوورهاوێژ کەوتنە سووتماککردنی کوردستان. لەم بەروارە بە دواوە تا دەگاتە شاهاوکانی ئەنفال و ڕاپەڕینی ساڵی 1991 قورستترین پرسە سەربازییەکانی سوپای عەراقی لە کوردستاندا تاو دەستێنن، کە ئەمجارەیان سوپای عەراق مەژووەکی هێندە خوێناویی تەمار دەکات مەگەر ئەو مەژووە ڕەشە تەنیا و تەنیا مەغۆلەکان و نازییەکان و ستالین تەماریان کردبێ.
لە هێنگاوەکانی سەرەتادا پاکتاوی کوردە فەیلییەکان لە دەیەی هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە بە خەست و خۆیی دەستپێکرد، لەو پرسەیدا جیا لەوەی دەستگیرا بەسەر سەروەت و دارایی زەرینەی فەیلییەکاندا، لە هەمان کاتدا بە هەزارانیان لەکوژرا و بە هەزارانیشیان کەوتنە زیندانەکانەوە کە چارەنووسیان دیارە هەر مەرگ بووە، بەپێی هێندێک ئاماری نافەرمیش زەرتر لە چارەگە ملیۆنەکیشیان دەربەدەر بوون و ڕوویانکردە کەماری ئیسلامی ئێران. لە دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕی نوێی گەلی کوردستان لەساڵی

1976 کە شەشکی بڕیی بوو، دیسان سوپای عێراقی وەک جاری جاران، بگرە سەرسەختتر و هەڤانەتر کەوتە پەلاماردانی کوردستان و کوشتاری هاووڵاتیانی سڤیلیش. ڕەنگە لە دوای جینۆسایدی فەیلیەکانەوە، ڕەشبگیریی و لە ناوبردنی بە کۆمەڵی نەرینە بارزانییەکان ڕووداوەکی مەترسیدار و کارەساتبارترین بێت، گەرچی ژمارەی بارزانییەکان تا بە ئێستاش دەگات بە تەواویی ڕوون نییە چەند بووە، بەڵام گومان لەوە ناکرێ ئەو ژمارەیە لە هەشت هەزار مرۆڤ کەمتر نەبووە و نییە.

"بارزانییەکان تا ساڵی 1981 لە باشوور مانەوە، ئەو ساڵەی سەرلەنوێ بە ئەردوگای قوشتەپە لە دەرەوەی هەولێر گوێزرانەوە. بارزانییەکان لە پێنجا هەزار کەس تێنیا 20-30 هەزار کەسیان لەمایەوە. لە ساڵی 1983 بەرزان تکریتی نوێنەری عێراق لە نێتەوە یەکگرتووەکان –بەشداریی ئەو چاوپێکەوتنانەی کردووە لەگەڵ لیژنەی نێتەوە یەکگرتووەکان بە مافی مرۆڤ بەستراوە- و وەتبانی برای سەدام حسێن و تیپێکی موخابەرات و یەکەیەکی تایبەت لە سوپا چەند هەزار نەرینەیەکیان لە ئەردوگاکە کەکردەوە، ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی 12 ساڵەوە بوو، شاهیدێک دەیووت: ئەو خەڵکیان بە ماشێن بەرەو باشوور گوێزایەوە و دواجاریش لە دەروبەری شاری بەغداد بینراون، ئینجا بەسەر و شوێن کران". "21". تاوانی بە کۆمەڵکوشتنی بارزانییەکان وەڵامدانەوە بوو بە ئەو زنجیرە چالاکییەی مەفرەزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە هاوبەشیی لەگەڵ سوپای ئێران لە سنووری حاجی ئۆمەران ئەنجامیان دابوو، بەبێ هیچکات بەعس ڕەوایی نەبوو لە بەرامبەر هەرشی پێشمەرگەدا چالاکیی و زەبری تۆپخانەیی لە بەرامبەر هاووڵاتیانی بە دیفاع ئەنجامبدا. ئەم پرۆسەیە هەر بەوەوە نەوەستا سنووری ناوچەیەکی دیاریکراو بگرێتەوە بەڵکو لە سەرەتای ساڵی 1988 گەیشتە تڕپک. ساڵی 1988 بە سوپای عێراق ڕەشترین ساڵە لە دێرەکدا، چوون ئەو ساڵە، ساڵی پیادەکردن و بەکارهێنانی هەر چوار قۆناغەکەی شاڵاوەکانی ئەنفالی گەلی کوردستانە کە لە ڕەژی بیست و سێی شوباتەوە دەستیپێکرد و تاکو شەشی ئەیلوولی هەمان ساڵی خایاند.

لەم پرۆسەیەدا کە دەتوانرێت بە جینۆساید بناسێنرێت و بە هاوشانی قەتوعامی ئەرمەنەکانی ساڵی 1915 و هەڵەبجەستی جووەکان دابنرێت، زیاتر لە100 هەزار مرۆڤی کورد لەناوبران، لە پێنایدا هەزاران گوند و مزگەوت و قوتابخانە و کەنیسە وێرانکران، ئەمە جیا لەوەی بە ملیۆنها گیانلەبەر و باڵندە قەکران و زەرینەی باغ و دارستان و ناوچە سەوزاییەکان کرانە بیابانی کاکی بە کاکی. ئەندرو وایتلی لە پێشکیەی ڕاپۆرتەکەی "میدڵ ئیست وۆچ" کە یەکەکە لە سەرچاوە

نایابەکانی ناساندنی ئەنفال بە دنیا، دەنووسێت "بە خەم و بەچوونی ئەمە لایکەمکەی 50 هەزار یان 100 هەزار کەس کە زەربەیان ژن و منداڵ بوون لە نەوان شوبات و ئەیلوولی 1988 کوژرابن". "22".
هەرچەندە ئامارێکی فەرمیی و کۆنکرێتی لە بەردەستدا نییە ژمارەی ئەنفالکراوەکان ئاشکرا بکات، بەڵام ئەوندەی دەزانرێت ژمارەکە لانیکەمکەی 100 هەزار کەسە، عەلی حەسەن مەجید "عەلی کیمیایی" سەرپەرشتیاری پرۆسەکە لە دوو جێگەدا، بەگەی ئەو بەدەستەوە دەدات، ژمارەی ئەنفالکراوەکان لە100 هەزار کەس زەرتر بووە، ناوبراو لە یەکێک لە نامەکانیدا بە سەدام ئاماژەی کردووە بەوەی زیاتر لە100 هەزار کەسن و حکوومەت هەر فریا ناکەوێت تەنانەت سابوونیش بەسەریاندا دابەش بکات بۆیە هەموویان لەناوبراون!. لە جاری دووەمدا "لە مایسی 1991دا کاتێ دەسەڵاتداری بەسنووری ئەنفال، عەلی ئەلحەسەن مەجید، کە دواتر بەرز کرایەوە بە وەزیری بەرگریی، لە دانوستانێکی نزیکدا لەگەڵ سەرکردە کوردەکاندا کەبووەوە و دەیزانی چەن قسە دەکات! کاتێ رووبەووی داواکاریی کوردەکان بووەوە کە چارەنووسی کوردە سەرنگومکراوەکان روون بکاتەوە –ئەو ژمارەیەی ئەوان دایاننابوو 182 هەزار کەس بوو- ئەم بە تووڕەییەوە وای دەربڕی تەکەای ئەو ژمارەیەی لە ئەنفالدا کوژراون بە هیچ جۆرێک لە سەد هەزار کەس زیاتر نەبووە". "23".
بە جیا لە زیانی گیانیش لە رووی ماددییەوە کوردستان لەلایەن سوپاوە بە تەواوەتی وێرانکرا و ژێرخانە ئابووریەکەی هەتەکنرا، چەندان ئاوەدانی چەڵ و وێرانکران، بە بەهای ملیارەها دۆلار زیانی ماددیی بەر تەکەای کوردستان کەوت کە تاکو هەنووکەش ئاسەوارە خراپ و نەگەتیڤەکانی بەردەواميیان هەیە. بەپێی ئامار و بەگەنامەیەک، تەنیا لە ساڵی 1988 و لە میانەی هەمەتەکانی ئەنفالدا "یەکەم: 2839 گوند و شار وێران کراون. دووەم: 1757 قوتابخانە کاولکراون. سێیەم: 2457 مزگەوت و جێگەی ئاینیی تر وێران کراون. چوارەم: 271 نەخۆشخانە و تیمارگە وێرانکراون. پێنجەم: 219828 خێزان لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستاندا راگوێزراون". "24". هەر لە ساڵی 1988 و لە چوارچێوەی پلانی قڕکردنی گەلی کورد هەڵە ئاسمانییەکانی سوپای عێراق بە چەکی خنکێنەر شارچکەی "هەڵەبجە"یان بەردومانکرد، جیا لە کاولکردنی شارەکە، نزیکەی پێنج هەزار هاووڵاتی کوژران و دوو بەرابەر بەو ژمارەیەش زامەداربوون، لەگەڵ ئەوەشدا هەزاران هەڵەبجەیی ئاوارە و پەراگەندەی شارەکانی کوردستان و دیوی ئێران بوون. لە ساڵی 1991، دوای راپەڕینی گەلی کورد لە باشووری کوردستان و شیعەکان لە باشووری عێراق، جارێکی دیکە سوپا رژێمی دەندانە و توندی هەبوو لە سەرکوتکردنی راپەڕینی گەلانی عێراق.

ئەگەر لە کوردستان بەهەی کەسووی میللەتیی گەلی کوردەوە زیانە گیانییەکانی کورد کەمتر بووبن بە بەراوورد بە قەناغەکانی تر، ئەوە لە ناوەڕاست و باشووری عێراق سوپا زۆر بە تووندیی شیعەکانی سەرکوتکرد، لەم پرسیدا هەزاران هاووڵاتی راپەڕیوی شیعە کوژران و سەدان جەگەی ئاینیی و هەزاران ماڵ لەگەڵ زەوی یەکسان کران.
بە کورتییەکەی سوپای عێراقیی لە مێژووی ژیانی تایبەتیی خۆیدا، تەمارکی ئەجگار ڕەش و دزێوی هەیە لە کوشتار و لەناوبردنی هاووڵاتیانی وڵاتەکەیدا، ڕەنگبە لە مێژووی میللەتان و دەوڵەتاندا نموونەیەکی تر نەبێت، کە سوپای وڵاتێک بەو قەبارە ترسناکە سەرکوتی هاووڵاتیانی وڵاتەکەی کردبێت. هەروەک چۆن لە تەواوی دیرەکدا دەستناکەوێت هیچ وڵاتێکی هاوچەرخ بە قەد عێراق زەرتەرین پرسەی کاولکاریی لەنێو دەوڵەت و ئاوەدانییەکانی خۆیدا بەڕێوە بردبێت، ئەم حاڵەتە یەکێک لە دڕندەترین حاڵەتەکانە کە پێویستیی بە پانتایی زیاتر و فراوانتر بە شرۆڤەکردنی ئەکادیمیی و هەمەلایەنە. لە پوختترین دەربڕینیشدا سوپای عێراق لە مەیدانی هیچ جەنگێک لەگەڵ دەوڵەتان سەرکەوتوو نەبووە، تەنە لە سەرکوتی ناوخۆیدا نەبێ، کە بە بەوای من دەڵانی حەتمی و ڕاستەقینەی ئەوی دووەمیانە.

سوپای نوێی عێراق لە دوای بەعس

پرسەی "ئازادیی" عێراق ئەو وەستگەیە بوو سوپای عێراقی دوای هەشتاو دوو ساڵ لە تەمەن بە تەواوەتی هەوەشاندەوە، لەگەڵ ڕووخانی پەیکەرەکەی دیکتاتۆر لە ساحەی فیردەوسی بەغداد و هاتنە ناوەوەی سوپای هاوپەیمانان بە ناو شارەکە، ئیدی شتێک نەما پێی بووترێت سوپای عێراق. لە ڕووی یاساییەوە ئەمریکا لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆتایی ئۆپراسیۆنەکەیان، ڕاشیگەیاند بەعس و سوپا و وەزارەتی بەرگریی و دامودەزگاکانی ڕژێم هەوەشاونەتەوە و لەمەو بەدوا بوونیان یاساغە. ئەوە یەکەمجار بوو دوای هەشت دەیە سوپای دەست و چنگ خوێناویی عێراقیی سکوت بکات و لەسەر شانەی ڕووداوە گەرمەکان نێک ڕەڵی بەکو بوونیی فیزیکیشی بسڕێتەوە. دوا بەدوای وەرگرتنەوەی ئیدارە لایەن عێراقییەکانەوە، جارێکی دیکە لەژێر ڕێنمایی و بڕیاردەیی ئەمریکییەکان سوپایەکی نوێی عێراقی دامەزرایەوە. ئەم سوپایە سوپایەکی سنووردارە و گۆشکردن و هەموو جموجۆڵەکانی بە دەستوور پەیوەند کراوە. لە ماددەی 14ی دەستووری نوێی هەمیشەیی عێراقدا ئاماژەدانێکی ڕاستەوخۆی تێدایە کە سوپای عێراق دەبێت هەموو پێکهاتە جەراوجەرەکانی ناو عێراق لەخۆ بگرێت.

بەپێی راپۆرتی سەنتەری دیراساتی ستراتیژیی نێودەوڵەتیی csis کە لە 16-9-2008دا بڵاویکردەتەوە، سوپای عێراق لە ئابی ساڵی 2008دا ژمارەکەی بە گشتیی 180296 سەرباز بووە، واتە بە ژمارە لەو هێزەی ئەمریکا لەوکاتەدا لە عێراق هەیبووە زیاتر بووە "هێزەکانی ئەمریکا لە تەموزی 2008، تەنیا 146 هەزار سەرباز بوو"، بەپێی هەمان راپۆرت تەنیا دوو لیوا هەن لە کوردەکان پێکهاتبێت و تەکەاش ژمارەی سەربازەکانی ئەو دوو لیوایە لە 9010 سەرباز تێناپەڕێت. لە رووی چەک و چۆیشەوە وردە وردە سوپای عێراقیی بەرەو پێشکەوتن و خۆ پێ چەککردن هەنگاو دەنێت، بە ئەو مەبەستەش چەندان بڕیاری ملیارەها دۆلار لەگەڵ کەمپانیا ئەمریکییەکان واژۆ کردووە بۆ مەبەستی کڕینی چەک و تەقەمەنیاتی پێشکەوتووی سەربازیی. ڕۆژنامەی "واشنگتۆن پۆست"ی ئەمریکیی لە راپۆرتێکیدا لە مانگی ئەیلوولی ساڵی پار بڵاویکردەتەوە، بڕیارێک لە نێوان حکوومەتی عێراق و ئەمریکا واژۆ کراوە بۆ کڕینی 36 فڕۆکەی جەنگیی ئەمریکیی لە جۆری "F16". لەلایەکی تریشەوە سوپا لەلایەن ئەمریکییەکانەوە ڕاهێنانیان پێدەکرێت لەسەر چۆنێتیی بەشداریکردنی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی پەلامارداتی تیرۆریستیی. دیمەنەکە وەهایە: هەوڵێکی چڕوپڕ لە ئارادایە بۆ بوژاندنەوەی سوپای عێراق کە ئێستا سوپاکە بیست و نەیەمین سوپایە لە ئاستی جیهاندا، بەرپرسانی عێراقیی دڵخوازن خێراتر لەوەی هەیە سوپا گەشە بکات و دامەزراوە سەربازییەکانیش بە پلەی بنیات بنرێنەوە بۆ حوکمی ئەوەی سوپای هاوپەیمانان لە ئامادەکارییەدان بۆ کشانەوە، بەم پێیەش ئەرکی سوپای عێراقیی سەختتر و گرانتر دەبێت لە دابینکردنی سەقامگیریی بۆ خەڵک.

"ئەحمەد عەلاوانی" ئەندامی لیژنەی بنیاتنانەوە و وەبەرهێنان و ئابووری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە شوباتی ڕابردوو ڕایگەیاند: توانای لۆجیستی و پیشەسازیی سەربازیی عێراق لە ئاستێکی نزمدایە و پێویستە حکوومەتی نوری مالیکی کاری جیددی بکات بۆ سەرلەنوێ بوژاندنەوەی پیشەسازیی سەربازیی. عەلاوانی بۆ پێویستی دەزانێ هەمان وەزارەتی پیشەسازیی سەربازیی سەردەمی ڕژێمی پێشوو زیندوو بکرێتەوە و پێیوایە "هەزاران کادری پێشکەتوو هەیە شارەزایان لەو بوارەدا هەیە، بەڵام تائێستا سوودیان لە وەرنەگیراوە، بۆیە دەبێت حکوومەت کار بۆ ئەوە بکات پشت بە شارەزایانی خۆمالیی ببەستێت و کەرتی پیشەسازیی سەربازیی ببووژێنێتەوە". چوار ساڵی کابینەکەی "نوری مالیکی" بە چوار ساڵی بنیاتنانەوە و گەشەکردنی سوپای عێراق دێتە هەژمار، مالیکی زیرەکانە توانی پارە بدات بە توانای سوپاکەی و بارهێنانیان بە

رووبەروبوونەوەی تەڕار و بەرپەرچدانەوەی توند بە تیرۆریستان.
ئاگرچی هەندێک گلەیی و ناڕازایی هەیە لەسەر پتەوبوونەوەی سوپای عێراق، ئەمش لایەن کوتییەکانەوە شایانی شاردنەوە نەبووە، بۆیەکا بە ئاشکرا کوتییەکان ناڕەحەتیی خۆیان نیشان دەدەن لەمەڕ ئەو رۆڵە پۆیداکردنەوەی سوپای عێراقیی. لە بەرامبەردا سەرکردە عێراقییەکان رایەگەیەنن خەریکن پتەوکردنی سوپا پاساوی خۆی هەیە، یەکێک لەهەرە دیارترینیان جەنگانە لەگەڵ شانە تیرۆریستییەکانی ناوخۆ و رووبەروبوونەوەی رژێمخراوی ئەلقاعیدەیە. ئەمە لایەک و لایەکی ترەوە کاربەدەستانی عێراق دووپاتی دەکەنەوە ئەم سوپایە نابێتە سوپاکەی بەعس، هەروەک چۆن لە نێتدا نییە بە رێگاکەی پێشوودا بڕواتەوە. هەندێکیش جەخت دەکەنەوە، دەبێت سەرکردەیی سوپا بەدەستی کەسە مەدەنییەکانەوە بێت، بە وێنە "سەلیم جبوری" وتەبێژی بەرەی تەوافقی سوننە پێیوایە "پێویستە سەرکردایەتی سوپای نوێی عێراق بە دەست مەدەنییەکانەوە بمێنێتەوە تاکوو دەستدرێژیی نەکاتە سەر مافی مرۆڤ و گەلانی عێراق".
کوردەکانی عێراقیش سەرەڕای بەشداریان لەو سوپا نوێیەدا، ترسیان لە پەکخستنەوە و پتەوبوونی سوپا هەیە، بەرپرسانی باشووری کوردستان نیگەرانیی خۆیان لە چەندین جێگە و بۆنەدا پیشان داوە لە بەهێزیی و رۆڵە پۆیداکردنەوەی سوپا، تەنانەت سەرۆکی هەرێم "مەسعوود بارزانی" بە نیگەرانییەوە دەڕوانێتە ئەو پرسە و دەڵێت "پێکهاتەی سوپای عێراقیی مانای پەراوێزخستنی کورد"، چەندان سەرکردەی تری سیاسیی کورد هەمان بۆچوونیان هەیە، لە بەرامبەریشدا گروپی دووەم هەن، لەو بڕوایەدان مادام دەستوورێک هەیە ئەرک و رۆڵی سوپای دیاریکردووە و مافەکانی کوردیشی چەسپاندووە، مادامیش کورد خۆی بەشدارە لە پێکهاتەی سوپادا هیچ مەترسییەکی ئەوتە نییە بە سەر مافی کورد. فریاد رواندزی ئەندامی کوردی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیی هەمان ئەو بۆچوونەی هەیە و رایەگەیەنێت "سوپای عێراق سوپایەکە نابێت دەست لە کاروباری ناوخۆی وڵات و ئیدارات و ناکۆکییە سیاسییەکان وەربدات، بۆیە هیچ مەترسییەک لە پەکخستنەوەی سوپای عێراقدا نابینم، بە تایبەتی سوپای ئێستای عێراق سوپایەک نییە لە ژێر دەسەڵاتی تەنیا کەسێکدا بێت، بەڵکو کورد و سوننە و شیعەی تێدایە، هەروەها کورد لە سوپای عێراقییدا چەندین پۆستی گرنگی هەیە، ئەو پۆستە گرنگانەش وا دەکات هیچ مەترسییەکی لە بەدینەکرێت". بە بۆچوونی من ئەو زیادەڕۆییە و سەرمەستییە بە دەستووری عێراقی ئاکامەکەی زیان باش نییە، پێویستە کورد هەندە لە یەتەپیای دەستووری نوێی عێراقدا نەژی، چوونکە تاێترین کارەساتەکانی کوتەتە دوای ئەو دەستوورەی ساڵی 1958 کە

بە شەفافی هاوبەشێتی کورد و عەرەب لە عێراقدا دان پێدانابوو. بەشێکی تر لە کوردەکان و تەنانەت عەرەبە عێراقییەکان و چاودێران لەوە نیگەرانن بەهێزبوونەوەی سوپا ئێگەری کودەتای سەربازیی دەهێنێتە پێشەوە "بە بەوای من ئەمە ئێگەرێکی لاوازە" هەروەک "جەیمس دینزلە" دەڵێ "بەهێزکردنی سوپای عێراق و ئێگەری کودەتا ئەوەی دیسپلینێت تێریبە لێگەڵ دەرچوونی بەریتانیا لەو وڵاتە لە ساڵی 1948دا، شەشی 1958 و هاتنی حکوومەتە سەربازییەکەی عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارفی بەدوادا هات". بەدەر لە هەموو ئەم راستییانە نابێت نادیدەی بگرین، جیهان گۆاوە و ئێستا نێک پێنجا ساڵ بگرە پێنج ساڵ پێش ئێستا نییە، ئەوەی لە1988 بە سوپای عێراق و حکوومەتی سەدام دەچووە سەر مەحاڵ و لە زەحمەت زەحمەتترە بە ئەم سوپا نوێیە و نوری مالیکی یان هەر سەرۆک وەزیرێکی تری عێراقیی بچێتە سەر!!. بە بەچوونی من سوپای عێراق چەندیش بەهێزبێت، لە ئاستی ئەو چاوە تیژەی لەسەر عێراقە هەشتا هەر لاوازە، بەڵام ئەمەش مانای پشتێن کردنەوەی کورد نییە، بەڵکو دەبێت هەمیشە چاوێکی لەسەر شەوازی کاری سوپا بێت کە پێکهاتەیەک مەزهەبیی نێکات، ئێگەرچی مەترسی ئایندە ئەوەندەی میلیشیاکانن نیو ئەوەندە سوپا نییە، بە تایبەت میلیشیا شیعەکان کە بە پاساوی جەنگی تیرۆرەوە خەریکە شەرعیەتێکی شەشگەیی وەردەگرن و رەیان لە گەڵ پانی ململانێکاندا بەرەو هەڵکشان دەچێت. ئەمە مەترسییە راستەقینەکەی ئایندەی نزیکمانە.

دواین وتە

لە کاتی خوێندنەوە و تاوتوێکردنی ئەو سەرچاوانەی بە ئەم باسە بەکارمهێناون، لەگەڵ رەیشتنی ئەو هەموو رووداو و کارەساتەی لە ماوەی هەشتا ساڵدا لەسەر دەستی سوپای عێراق بەسەر گەلانی ستەمدیدەدا هێناوە، لای خەمەوە و لە دڕاوەی واقیعی کارەساتکانەوە تووشی جۆرێک لە تەقین بووم، لە رێگەی ئینتەرنێتەوە چەندین وتار و لێکۆڵینەوەم لەسەر سوپای دووەتانی تر پەیدا کرد و خوێندمەوە، هەشتا نەمبینی هیچ کەمگەیەک لە تەواوی سەدەی بیستدا بەدەر لە ئەمانیای نازی هێندەی عێراق بووبێتە مەیدانی جەنگ و دەستێپشتوویی سوپا و کاولکاریی ناوخەیی. تەنانەت لە سەردەمی بەعسدا "دروستتر وایە بڵێین سەردەمی سەدام"، عێراق بە تەواویی لەکەمگەیەکی نەرماوە گۆا بە سەربازگەیەکی گەورە، هەمەتی بە سەربازکردن تێنە لە سنوورەکدا نمایەوە، پیر و منداڵان و ژنان و تەکنەکرات و هەموو چین و توێژێکی عێراقی

گرتەوە، هونەرێ بوو بۆ هونەرکی سەربازیی، شیعر و ئەدەب و تەنانەت ژیانیش رەنگی خەیانیان لەدەستدا و بوونە کەرەستەیەک بۆ پێگەیاندنی سەرباز.
دایکی هەرە ئازا ئەوە بوو زەرترین منداڵ یان با بڵێین زەرترین سەرباز بخاتەوە، فەرمانگەی تەجنید لە هەموو شوێنک قەرەباغتر بوو، بەردەوام جمەی دەهات، ئەم فەرمانگەیە خوازیاربوو ژنە سکپڕەکانیش سەردانی بکەن تا ناوی منداڵەکە لە دایکنەبووەکەی ناو سکیشیان بنووسن وەک سەربازی "دواڕۆژ". جەنگ و مانگەی سەربازیی تامی هەموو شتەکیان ناخۆش کردبوو و گەیبوویان بە تاعوون، جەنگ تەنانەت پارە و پیتاکی منداڵانی قوتابخانەکانی هەڵووشی، عەراق لە ماوەی ئەو جەنگە هەشت ساڵیەدا لەگەڵ ئێران، تەواو قەرزار بوو، ژمارەی قەرزەکانی لە100 بیلیۆن دۆلار تێپەڕی، کە زیاتر لە40 بیلیۆنیان بۆ چەک و تەقەمەنی بەهەدەر درابوون، ئاکامی جەنگیش جگە لە دەڵاندنی عەراق و کوژرانی 200 هەزار و بریندارببوونی 500 هەزار کەسی دیکەی عەراقیی بەرهەمکی تری نەبوو. سوپا کارەکتەری هەموو ئەم نەهامەتییانە بوو، لەبەرئەوە وای بۆ باش دەزانم مەژووی سوپای عەراق ببێتە وانەیەک لە قوتابخانەکاندا بۆ ئەوەی تا دنیا دنیایە لە بیرمان بێت سوپایەک هەبوو لەم ڕەنگە و لەو چەشنە.

▪ کۆتایی –

ستەکهەم – سەلنا

سەرچاوە و پەراوێزکان:

1- العميد جي. كيلبرت براون "قوات الليفي العراقية"، الترجمة والتحقيق: د.مؤيد ابراهيم الوندواوي. مراجعة: رفيق صالح السليمانية 2006، ص 15.
2- سالح ڕەحمان "شەشی کانون یادی دامەزراندنی سوپای عەراق". ڕۆژنامەی "ڕۆژنامە"، ژمارە "378"، سەشەممە 6-1-2009.
3- بيتر سلاكت "الخيارات الدستورية لعراق مابعد الحرب". ترجمة: شكور سليمان. 2003.
4- لیوا مەنسوور حەفید، پلەدارکی سەربازیی ئەکادیمیی کوردە و چەندین پلە و پۆستی جیاجیای سەربازیی وەرگرتووە و تا هەنووکە وەک پلەدارێک لە کاروباری سەربازیی بەردەوامە. بڕوانە: ڕۆژنامەی "ئاسۆ"، ژمارە "619"، یەکشەممە 13-1-2008.
5- هەمەن میرانی "سوپا لە عەراقی کۆن و نوێدا" بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی "خەبات"، ژمارە "2971"، یەکشەممە، 14-9-2008.

6-ساڵح ڕەحمان "شەشی کانون یادی دامەزراندنی سوپای عێراق". ڕۆژنامەی "ڕۆژنامە"، ژمارە "378"، سەشەممە 6-1-2009.
7- سەیران تەها ئەحمەد "بەرنامەی چەکی ناوکیی عێراق 1969- 2003"، گۆڤاری "سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی"، ژمارە "2" ساڵی پازدەهەم، ئابی 2007، لاپەڕە 45-46.
8- Judit Miller،Laurie Mylroie "لە تکرێتەوە بۆ کوەت"، وەرگێڕانی: مەریوان غەریب- کامەران غەریب، چاپی یەکەم- سلێمانی، 2006، لاپەڕە 125.
9- هەمان سەرچاوە. لاپەڕە 158.
10- هیوا جەمال "عێراقی سوپا ..سوپای سیاسەت"، ڕۆژنامەی "ڕۆژنامە"، ژمارە "419". 4-3-2009.
11- بیتر سلاکت "الخیارات الدستوریة لعراق مابعد الحرب". ترجمة:شكور سليمان. 2003.
12- ساڵح ڕەحمان، سەرچاوەی پێشووتر.
13- باقر یاسین "مێژووی خوێناویی عێراق"، و:حەمەساڵح گەڵاڵی، چاپی یەکەم – سلێمانی،2004، لا 226.
14- سمير خليل "جمهورية الخوف"، ترجمة: احمد رائف، الزهرا للاعلام العربي، قاهيرة، 1991. سەمیر خەلیل ناوی خواستراوی نووسەری عێراقی ناسراو "کەنعان مەکیە"یە کە کاتی خۆی ئەو کتێبەی بەو ناوە خوازراوەوە باڵوکردەوە.
15- لیام ئەندرسن– گاریس ستانسفیلد "ئایندەی عێراق.. دیکتاتۆریی، دیموکراسیی یان دابەشبوون؟"، وەرگێڕانی: کامیار سابیر– دڵشاد حەمە، چاپخانەی ڕەنج 2008، لاپەڕە 59.
16- د.مارف عومەر گوڵ "جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نەوەدەکانتاندا"، چاپی دووەم، سلێمانی 2003، لاپەڕە 21.
17- هەمان سەرچاوە.
18- هەمان سەرچاوە.
19- ڕێبوار سیوەیلی "قۆناسی ئاسنین یان بە بەمبەوە بە عێراقی؟". چاپی یەکەم، کوردستان 2003، لا 70.
20- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 71.
21- کەنعان مەکیە "دۆزەخی و بەدبەختی". وەرگێڕانی: حەمەڕەشید، چاپی یەکەم، سلێمانی 2005، لا200.
22-میدیا ئیست وڕچ "جینۆسایدلە عێراقدا.. پلانماری ئەنفال بە سەر کورد"، وەرگێڕانی: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چاپی دووەم، سلێمانی 2004، لاپەڕە 21.
23- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 26.
24-د.مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشووتر، لاپەڕە 36.

- د.محمد حسين الزبيدي “صفحات مضيئة في تاريخ الجيش العراقي “، سايتی “جريدة” سالَي 2006.
** د. غزوان هادي “الجيش العراقي و متطلبات المرحلة الراهنة”. سايتی “الصباح”.
*** مازن الياسري “تاريخ الجيش العراقي بين المؤسسة و النظام الحاكم في ذكراه الثامنة و الثمانين”. شبكة النبأ المعلوماتية- الخميس 15/كانون الثاني/2009.

****** سانتا ميخائيل ” محطات في تاريخ الجيش العراقي منذ تأسيسه 1921 وحتى حله في 2003″، وكالة الأنباء التركمانية.**

سەرنج: ئەم لێکۆڵینەوەیە پێش یانزە ساڵ، بە هەشت بەش لە ژمارەکانی “630-637″ی رۆژنامەی “کوردستان راپەرت” لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ساڵی 2009 بڵاوبۆتەوە.

تێبینی: کەی ئەم شیکارییە وەک بەشی پێنجەمی کتێبی “گۆمەی شەیتان” لە لاپەڕە 171-212 چاپ و بڵاوکراوەتە. کە ئەو کتێبەش بە چاپی کاغەز لە سەرەتای ساڵی 2018 لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بڵاوکراوەتەوە

شیعر/ یادێک لە زیندووان .. سروشت نەوزاد

چاو تەمی خەی بەجەهشت و
باڵندەکانم ناسین
دەمزانی ئاسمان قەفەزی بچوکی خۆنە
کاتیش لەم دەوروبەرە تێپەڕی و
بەسەر لقی درەختێک نیشتەوە

—

زمان کە بیر دەخواتەوە
پرسیار لە قوڕ دەئافرێنێ
زیندوان نیشانەی زیندوانن
شەپۆلیش ڕۆحی تەزیوی دەریایە و

ئازادی ئایا باڵی فڕیوی کام کێنارێ؟

———

(أ)
بە دووی گەرانی دڵخوازم کەوتم و
ئاو لەسەر ڕێگام بوو
گەرانی چاوانی ڕووبی کردنەوە
دیقەتی چووە سەر باخچە
باخچەش بستێک خاکی تێ بوو
جلی شەداری لەبەر با هەڵخست
با بە هەمنی دڵهات
ڕوناکی مانگ بەنۆ لقە بەرزەکاندا
ڕووناکی مانگ مانگی چیم بوو؟
با بە دڵنیاییەوە دڵهات
باڵندەکان بەسەر لقە بەرزەکاندا
درەختەکان درەختی چی بوون؟
ئاگریش کە پێشاوی ڕازاوەم بوون:
شەقام من بووم
پیاسەی دەتەنگی بەر کافێکان من بووم
منم بەدووی گەرانی دڵخوازم دەکەوم
ئاو لەسەرڕێگامە و
پەرژینی دوو دێ لە تەماشام درەختی بەردارن
وەک پێڕەوی قاچاغ
سەما لە ئاسمانی گیانم پەنجەرەیە

(ب)
کەشتیوانەکان دەستم نەبوون
لە ئاوم دەڕوانی و
ساڕەکانم دەکشانە ژێر خێڵی خەیان
دەستایەتیم تەنیا خەی بوو
بە دووی گەرانی دڵخوازم کەوتم و
گەشتی درێژم پرچی سپی کەکردنەوە
با لەسەر ڕێگام بوو
لە ئاوم دەڕوانی و ئاسمانم دەبینین
کەلارەکانیش خەونی زەاو بوون
هەگری دەاویان بردە نەو دەریا!
ئەی دەریا

لە کام گەرانی سەما دەبێتە نەو ڕەنگ؟
خاک لەسەر ڕەنگامە و
باران بە کڕگەی میوەکان
بەبە باران پەخش دەبێت!
زەویش هەساری گەکانە
دیکتاتەران ئاوچی دەرین
قولاپ لە یەخەی مانگ دادەنێن...
ئەی دەریا
لە کام ئاهەنگ گەرانی دەبێتە نەو ڕەنگ؟
خۆ لەسەر ڕەنگامە و
ئاگریش باوەشی گەرمی هەکاوە
شمشێری دەرینی بردەوە ناو کات
ئەی با
لەکام کەسان هەکانی سەمایت؟
پیاسەم لافاوی ساردی ڕەنگایە و
هەندەی بەفری درێژو دورت پێت ئاکەشان...
ئەی هەوای چۆل و تاریکم
باران دێت و منیش لەرە دەمێنمەوە
ڕەنگم لەژێر خاکی دۆڵ و
ئەتەمبیل لە سەرم هەواوە.

(پ)
شەقام دەیناسیمەوە
شار وەک چۆن کەسانەکانی دەناسێتەوە
دەمناسیەوە، هەوام دەناسیەوە
پەککەوتەکان وەک چۆن کورسیەکانی
قاوشی هەناوییان دەناسیەوە...
ماڵی خەمم نەناسیەوە
بە ماڵی خەم ئانەهاتم
هووت لە باوەشیا پاکەوتم و
هووی وەرگەڕا
بە شاری خەم ئانەهاتم
هووت لە باوەشیا گەڕام و
هووی وەرگەڕا
بە خۆی خەم ئانەهاتم
هووت لە ژێریا ئاکشام و
هووی وەرگەڕا

بۆ ئەوینم ڕانەهاتیت
هەوت ڵە باوەشما گریایت و
هەوم وەرگەڕا

(ت)
دەشتاییەکان گەورە بوون
ڕەبواران بەرگای دەستایەتی بادا ڕەیشتن و
بتەکانیان نەشکاندن ئەوان کە خودایا دەناسی…
خەیش بەدحاڵیبوونەک بوو
کەشکی زەینی پیشاندان
ئەی گەڵاڵە شیک پەشەکان
کەپەی ناختان تەڵی دەریایە
بۆ کام کەشتی ماسی ڕاو ناکەن؟
بتەکانتان لە ڕەگایە و
لە چیرەکی کام بستەخاک، پیاسەی ئاگر
لە نەو چاوە قوڵەکانتان ناخونینەوە؟
ئەوینی تەڵ لە ڕەگایە و
تینوویەکی هەوت و ڕەجاڵ بۆ ناو قوڵدا هەنگاو بنێ
ئەوین دەبینێ
ئەوین عابای خەی وەدەرنێ و
تینوویەکی هەوت و ڕەجاڵ بۆ ناو قوڵدا هەنگاو بنێ
بەڕام ئایا چی دەبینێ؟

(أ، ب، پ، ت)
هەستەم بۆ شیعر دادەگیرسێ و
وشەش تەمی خەی جەدەڵەت
هەوا تەنگێ
خاک دەناسم
با پەڕاومەو
ئاویش گومان
ئاو دەناسم، هەگری گەرمم باوەشی ژاوە، لە نەوان سەمای خامەش و
گەرانی گەرمی دەخوازم،
شەپەلان ڕەحی تەزیوی دەریان.
دەنیایش گیانی پەرتی نەو دەریایە، ئاو دەناسم، لە نەوان گەرانی
خامەش وسەمای دەخوازم،
ئازادی ئایا باڵی فڕیوی کام کەنارن؟

بـــووندۆرکی ســـەمرە*! .. هەورامان عەلی

- ئاسایی بەلایەوە شکەنجە بدرێت، زیندانی بکرێت، ڕۆژانە کۆرامەتی بشکێنرێت لەلایەن موسومانە سەرکوتکەرکانەوە، بەڵام ئازی نابێت بە وشەیکیش خنەیکی ئاسگیانە لە ئاینکەی بگیرێت!
- ئاسایی بەلایەوە ژنکی بەتەمەن بفرۆشرێت و لە ژێر گوشار و هەڕەشەدا موسومان بکرێت، بەڵام ئازی نابێت ، کەسک ئازادانە واز لە ئاینکەی بهێنێت و فتوای کوشتنی دەرات!
- ئاسایی "سیسی" بێت ئیسلام لە قیراندایە، بەڵام ئازی نابێت "ماکرۆن" وا بێت!
- ئاسایی بەلایەوە ڕۆژانە دژی ئاینکانی تر جنێو بدات، دژایەتی و سوکایەتی بە لایەنگرانیان بکات، کەچی شێتگیر دەبێت گەر کەسک خنەیکی بابەتی لە ئاینکەی بگرێت!
- ئاسایی دەستدرێژی بکاتە سەر ئافرەتانی ئەوانی تر ، بەڵام ژنکانی خۆیی بە ناموسی خۆی و خێزانکەی دەزانیت!
- لە زەلکاوی دوای دواوەی مرۆڤایەتیدا دژی ، کەچی پێیوایە لەهەموان بەرزترە و باشترین نەوەی سەرزەمینە!
- خوازیاری جەبەجەکردنی شەریعەت، شعر و شانامە بەسەر لەبوردەیی و دادوەریکەیدا هەڵدەدات، کەچی لەو وەاتانە هەڵدە کە شەریعەتیدا جەبەجە دەکرێت!
- خوازیارە ئیسلام تاکە ئاینی فەرمی دەوڵەت بێت ، کەچی لە دەوڵەتانی سەماڵ، ئەفگانستان و پاکستان کە ئەم خواستەی جەبەجە دەکەن ، بێزارە!
- واخەی نیشاندەرات کە لەسەر چەوسانەوەی ئاینی لە وەاتکەی خێیدا هەڵهاتووە، کەچی سوکایەتی و جنێو بە ئاینی ئەو وەاتە دەرات کە پەناید‌اوە و نان و ئازادی بە فەراهەم کردووە!
- واخەی نیشاندەرات کە ڕەبوارکی ڕەگەی ئازادیە، بەڵام کە ئازادی بە فەراهەمکراوە ، هەوڵەرات ئەو ژینگەیە وێرانکات!
- بە چاوکی سوك تەماشایی وەاتانی خۆرئاوا دەکات، بەڵام ئامادەیە لە بەڵەمە قاچاغکاندا ڕەگەی هاتوو نەهات

بگرێتەبەر و لە دژیادا بخنکێت، بەشکم بگاتە ئەو وڵاتانەی!

- خوازیاری بایکۆدی کاڵای خرئاوایەکانە ، کەچی هەموو بەرهەمەکانی ئەوان، لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکار دەهێنێت!
- پێی شەرم نیە وڵاتەکەی لە لایەن موسوڵمانانەوە داگیر بکرێت، بەڵام توشی هستریا دەبێت گەر داگیرکارەکە خرئاوایی بوو!
- جەنگ و هەڵمەتی خاچ پەرستەکان سەرکەنە و شەرمەزار دەکات، بەڵام شانازی بە "غەزا " و " فتوحات"ەوە دەکات!
- پێیوایە تیرۆریستەکان نوێنەرایەتی ئیسلام ناکەن ، هاوکات شانازی بە کار و کردەوە دەندانەکانیانەوە دەکات!
- دەزانێ و دەبینێ کە زەرترین گەڵەی سێکسی و دەستدرێژی خەزانی ، زەرترین بینەرانی فلیمە پۆنۆکان لە وڵاتانی ئیسلامیدایە ، کەچی دەوڵەت دنیا باوەڕکات وڵاتانی ئیسلامی پاکترین سەرزەمینە کە مرۆڤ دەبێت لێیەوە فێری ڕەوشت بێت!
- ئاسایی بەڵایەوە ژن بکرێتە کۆیلە و کەنیزە، لە جەنگدا وەک مەوماڵات تاڵان و لاقە بکرێت، بەڵام نابێت تۆقە لەگەڵ ئامێزاکەی خێدا بکات، ئاخر تۆقەکردن لەگەڵ ژندا حەرامە!
- دەڵێت ئاینەکەی فێری بەزەیی و جوانترین ڕەوشتی کردووە، کەچی بە بەرگری لەو ئاینەی ،مرۆڤ سەردەبڕێت، بەکاڵی جگەرەکەی دەخوات و گەر بڕشی نەلوا بە ناشیرینترین شێوە جنێو بارانیان دەکات.
- دەڵێت ئاینەکەم ئاینی ئاشتیە ، کەچی شانازی بە پەلاماردا، کوشتن، ڕفاندن ، تاڵانی ، لاقەکردن و کۆیلەکردنی مرۆڤ بە زەبری شمشێرەوە دەکات و خۆی بە "فەتح"ی ڤاتیکانەوە دەبینێت!
- بە کوشتاری مرۆڤ دەڵێت "جیهاد". بە کۆیلە و کەنزەکردنی ژن و منداڵی خەڵکی دەڵێت "غەنیمە" . بە داگیرکردن و تاڵانی کردنی وڵاتان دەڵێ "فەتح"..... کەچی پێستی ڕووی هێندە قایمە قبوڵی نیە پێی بڵێیت ، ئەم پۆڕانەی تە بە ئەم سەردەمە ناشێن.
- ئەو قوربانی بە تاوانبار دەبینێت ، بکوژ بە پاڵەوان و شەهید. وشە و کاریکاتێر لای ئەو خاتی سوڕە، بەڵام لەناوبردنی خودی مرۆڤ و پیرۆزی ژیانی، ئاساییە!
- لە تاو سەرکوت و زیندان هەڕەشە بە وڵاتانی خرئاوا ، کەچی دەیەوێت ئاوڕش بگەڕێت بە ئەو دەوڵەتە شکستخواردووەی لەوێ هەڵهاتووە!
- پەلاماردەدات، تەقنەوە ئینجامدەدات، سەردەپەڕێنێت، وێرانی دەخوڵقێنێت، کەچی پێی وایە هەرکەسێت دژی ئەم تیرۆرە

دەندانی ئەو بێت ، ئەوە هەگبەزپەرستە و نەخشی فەبیایی هەیە!

- کریستیان و جوکان بە کافر، گومرا ، سەرلەشواو ، هەگبونکەر و ... پەناسە دەکات و لە ئیزی مەن، مەیمون و بەرازدا دایان دەنێت ! گەر کەسێك ئەم سوکایەتیەی ئەوی قبوڵ نەبێت، بە دژایەتیکردنی ئاینەکەی تاوانباری دەکات و سەنگەری لەدەگرێت!
- بەوای وایە کە خودایەکی بەهەزی هەیە، هاوکات خوداکەی پەویستی بەمە تا بەگری لەبکات و خەڵکی ناچاربن بیپەرستن و لەی هەنەیەن!
- پەیوایە جیهان بەهەی خواندنەوەی کحولەوە نوقمی بە هەوشتی بووە ، کەچی خەون بە بەهەشتکەوە دەبینێت تا کحولی وەك پاداشت پە بدەن!
- پەوایە موی سەری ژن "عەورە"یە و دەرکەوتنی تاوانە، بەڵام ئاسایییە بەلایەوە باسی حەریکان لە کتێبە فقیکاندا بخوێنێتەوە کە هەندە ناسك و جوانن مەخی ئەسقانیان لەژەر گەشتکەدا ، دیارە!
- گەرچی بە چاوکی سوکەوە دەڕوانێتە ژن ، کەچی گەورەترین ئومێدی ئەوییە وەك پاداشت لە جیهانکی تردا چەند ژنی بەرکەوێت!
- پەی ئاساییە لەژەر پەرچەمی ئیسلامدا هەزاران تاوانی جەراوجەر ئەنجام بدرێت، کیژەی نە ساڵە لاقە بکرێت، سەری مرەف وەك قچکە پیاز بپەنرێت ، ماڵ و موکی خەکی تاڵان بکرێت، ئەو هیچ هەوستەك نیشان نادات . بەڵام گەر کەسێك بە کەشانی کاریکاتێرەك گەشیکی ئەو دەندایەتیە بخاتە ڕوو، ئەم بەلەسە دەبێت و دەیەوێت شار وەرانکات و کاریکاتێریست و هەژنامەوان خەتانی خوێنکات!

لە کۆتایدا دەبێت بڵێم : قورسە بە کەسانکی ئەشکەوتنشین کە نوقم بووی نەو تاریکین ، بە ئاسانی بڵێن جیهانی پە لە هوناکی و لەزەت لە جوانیکانی ژیان ببینن.

.....

*

ئەم وتارکی نوسەری ناسراوی ئەمریکی بە هەگەز میسری مەجدی خەلیلە ، من بە دەسکاریەوە کردم بە کوردی

http://brotherrachid.com/%D9%85%D9%82%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%AA/

ArticleID/3357/%D9%87%D8%B0%D8%A7-%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%A7%D8%A6%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%B1%D8%AA%D9%83%D8%A7%D8%B3%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%AC%D9%8A%D8%A8?fbclid=IwAR3g-5_5xO7i_gpbcwsmwDMGIukzy1Bs-QaMiAsXOTu_XAxIQ7VCg02vQP8

ئەبی منان/ دوو کەوی ژیر.. نووسینی: رەزا شوان

دوو کەواز، دوو کەوی نەرمی ئازایان هەبوون. لەناو قەفەزدا بەندیان کردبوون. رۆژێک هەردوو کەوازەکە، گرەویان لەسەر ئەوە کرد، کە کەوکەی کێیان لەوی تریان ئازاترە. رێککەوتن کە کەوکانیان بشەبدەن. بە هەردووکیان کاسکی گەورەی زیوینیان کەی. کەوکەی کێیان شێکە بباتەوە، کاسە زیوینییەکە بە خاوەنی ئەو کەویان دەبەت.
هەردوو کەوازەکە کاتی بەشەدانی کەوکانیان دیاریکرد، شوێنیش باخچەیەک بوو. کەمێک کەسیشیان بە بینینی ئەم شەڕە بانگکردبوون. هەموویان لەو کاتەدا لە باخچەکەدا ئامادەبوون. کەوکانیان لە قەفەزکانیان دەرهێنان. شێکە دەستیپێکرد. کەوکان بە دەنووک و بە نینۆکەکانیان، پێکی زەریان لە یەکتری هێکەشا، سەر و دەموچاوی یەکتریان بریندار کرد. هەردووکیان تەواو ماندوو بوون، هێزی شێکردنیان نەما. ئینجا وازیان لە یەکتری هێنا. لەم شێدا نە سەرکەوتوو و نە بەزیو، نە براوە و نە دۆڕاو هەبوون. بەڵام هەردوو کەوکە ئازارێکی زەریان بە یەکتری گەیاند.
ئەم کۆتاییە نە بە دڵی دوو کەوازەکە و نە بە دڵی بینەران بوو. هەردوو کەوازەکە بەیاریان دا، کە لە هەمان کاتدا لە یەکەمین رۆژی مانگی داهاتوودا، هەر لەو باخچەیەدا، دووبارە کەوکانیان بشەبدەن.
هەردوو کەوکە، بە ئەوەی بە یەکتری بزانن، بیریان کردەوە، زۆر پەشیمان بوونەوە.

کەوی یەکەم:"ئەمە لە پەناوی چیدا، بۆ هاندانی ئەم دوو کەوبازە، ئەم شەڕەمان لەگەڵ یەکتریدا کرد و وامان بەسەر یەکتریدا هەناوە؟ گەوجییەکی گەورەمان کرد. گریم من بەسەر کەوکەی بڕانبەرمدا سەرکەوتم. ئایە خاوەنکەم ئازادم دەکات؟ بەگومان نەخێر. چەندین شەڕی ترم پێدەکات.. تیاش بچم ئەو چی باکەتی! بەهەنبەت ئیتر شەڕ لەگەڵ هیچ کەوکدا ناکەم".

کەوی دووەم:" زۆر پێشیمانم، لەو شەڕەی کە لەگەڵ ئەو کەوە هاوەڵگەزەمدا کردم. ئەو یا من سەربکەوتمایە. لە زیان زیاتر، چی سوودێکی بۆ ئێمە هەیە؟ ئازادی و ژیانیان لێداگیرکردووین.. لە قەفەزدا بەندیان کردووین.. ئێمە کەی ژیانە؟! ئێم هەیە دووبارە ناکەموە.. بیرم لەوە کردەتەوە کە لەو کاتەدا پێکەوە هەڵفڕین"
بریندارەکانی کەوکان ساڕێژبوون، پەرەکانی باڵکانیشیان دڕێژتر بوون. یەکی مانگی تازەیە. هەردوو کەوبازەکە و بینەرانێکی زیاتر لە هەمان کات و لەو باخچەیەدا، ئامادەبوون. کەوکانیان بڕەواکردن. بۆ ئارامیەوە چوون بۆ لای یەکتریەوە.
کەوی دووەم بۆ گەڵی کەوی یەکەمدا چرپاندی و وتی:"براکەم، دنیابە کە من شەڕت لەگەڵدا ناکەم.. بۆیارم داوە کە هەڵفڕم.. ئایە تۆش ئامادەی کە پێکەوە یەکسەر هەڵفڕین؟"
کەوی یەکەم:" منیش ئەو بڕیارەم داوە، کە شەڕت لەگەڵدا نەکەم. بەڵێی ئامادەی هەڵفڕینم.. با رزگارمان بێت"
هەردوو کەوکە، دەرفەتیان لەدەست نەدا و لەو زیاتر درێژیان بە قسەکردن نەدا. پێکەوە یەکسەر دایان لە شەقەی باڵ و هەڵفڕین.. تا لەچاو ونبوون.. خەیان گەیاندە سەر لووتکەی چیایەکی بەرزی کوردستان. لە قەفەز و لە بەندی و لە شەڕ رزگاریان بوو. هەوای ئازادییان هەڵمژی.. فیری پەند و وانەیەکی باشیش بوون.

رەزا شوان
نەرویج :٢٠٢٠

پەیامی ەون .. عەلی حەمەشید بەرزنجی

پەیامی ەون

جار جارە ، وەک کەتر گەم دە
حەز دەکەم ، زوو بفەم دەستبەجێ
بە ئاسمان ، هەوارگەی مانگ و خەر
ئەستێرەی ، پە ورشەی جەراوجەر
وەک هاوەڵ ، لەگەیان تەر بدوەم
بە ەونی ، پەیامی خەم بەەم
دەەم من ، کەسکی چالاکم
ژیان و ، ژینگە دەست دەپاکم
وەک ئەو ، کەنادەم ەژانە
هەوەی من ، بە سودی هەموانە
....
٢٠٢٠/٧/٥

نامەیەکی کراوە بە سەرجەم

پارتی سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان

بابەت: داواکاری بۆ دەستبەجێ ئازادکردنی زیندانیانی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی هەرێمی کوردستان

پاش سڵاو،

هەروەك هەموولایەك ئاگادارن لە ماوەی سێ مانگی ڕابردودا دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان وەك بەتایبەتی دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، هێرشکەی هەمەلایەنەی گرتەبەر بۆ دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنوسان و چالاکوانانی سیاسی و وماموستایان و هەموو ئەوانەی لە خۆپیشاندان و ناڕازایەتیەکانی زاخۆ و بادینان هاتنە مەیدان، دژ بە خراپی هەلومەرجی ژیان و بێکاری وهەژاری وبەمووچەیی و نەبوونی خزمەتگوزاری و هەروەها لە دژی هێشی زەمینی سوپای تورکیا و بۆردومانی گوندە سنوریەکان لەلایەن فڕۆکە جەنگیەکانیەوە کە تائێستاش ژمارەیەك لە دەستگیرکراوان چارەنوسیان نادیارە.

ئەمە هەڵەتی گرتن و ڕاندنە لە کاتکدایە کەدەستگیرکراوەکان هیچ تاوانێکیان نەکردووە، جگە لە داواکردنی مافە ڕەواو یاساییەکانی خەیان و ودەربڕینی ناڕازایەتی ونەفرەت وبێزاریان بەو دەخە سەخت و فەلاکەتباری بەسەریانا سەپێنراوە.

خەڵکی کوردستان مافی ڕەوای خەیانە داوای موچەو حەقی خەیان بکەن، مافی خەیانە داوای نان و کارو ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاری بکەن، مافی خەیانە داوای پاراستنی کەمەگا بگشتی بکەن لە مەترسی هەژاری و برسێتی و ڤایرەسی کۆرۆنا و لە دژی هەرش و لەشکرکێشی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا بە سەر خەڵکی سڤیل .

بەڵام بەداخەوە کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەجیاتی ئەوەی وەڵامی داخوازی هاوڵاتیان بدنەوە و بەرپرسیارێتی لەئاست ژیان و گیان و سەلامەتی تەندروستیان لەئەستۆ بگرن، دەستیان بردووە بۆ ڕاندن و زیندانی و سەرکوت کردنی ئەو خەڵکانە، تەنانەت بەناشرینترین شێوە هەڕەشەکوتنە سەر ماڵان، چالاکوانان و خەڵکی ناڕازی و ڕۆژنامەنوسان بەبێ هیچ بەیارێکی دادگا دەڤڤنن و لەزیندانە حزبیەکان زیندانیان دەکەن، کە تا ئێستاش هەندێکیان

بەسەروشوێنن، وە ئێگا بەپارێزەر و کەسوکاریان نادرێت سەردانیان بکەن تا لە چارەنوسیان ئاگادارین.

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی بەدەستمان گەیشتووە بەندکراوان لەژێر ئەشکەنجەی قورسی جەستەیی و دەروونیدا دانپێدانیان پێکراوە بەکامێرێک تاوان کە ئەنجامیان نەداوە، بەدووری نازانین وەک چەندین کەیسی تر سیناریۆی دانپێدانانی زۆرملێیان پێ ئەنجامبدەن و لە کۆتایی ئاگەیاندنەکانی خەیانەوە بەهاویبکەنەوە دواتر بەناوی دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتەوە ئاپۆرتە چەواشکاریەکان بناسێنن. ئەم هەوڵانەی دەستێادارانی هەرێمی کوردستان تەنانەت ئێز نەگرتنە لە یاساو دادگاو دادوەرێک کە لەکوردستاندا خەیانەتاوە بەبێ گوێدانەوە بە ئەو دەزگایانە مامەڵە بە زیندانیانی سیاسی دەکرێت بەبێ دانی ئەرکێک بە دادوەر یان ڕێگەدان بە پارێزەری دەستگیرکراوەکان کە بتوانن بەرگری لە زیندانییەکان بکەن.

ئەمە وەکو (کەمیتەی داکۆکی لە مافەکانی ئازادییەکان/ هەرێمی کوردستان_عێراق) لەم نامە کراوەیدا داواتان لێدەکەین هەوڵەستی خەتان ئاشکاوانە بە ئەمە و کەسوکاری زیندانییەکان و ئایگشتی و خەڵکی کوردستان ئابگەینن و بەرامبەر بە پشێلکردنی ئازادی وستەمکارێک کە دەرحەق بە خەپیشاندەران و وچالاکەوانان دەکرێت هەوەستی خەتان ئاشکرا بکەن، دەنا بەدەنگیتان دەتانکاتە هاوبەش لە تاوانێك کە بەرەو ڕووی ئازادیخوازان کراوەتەوە لەوەش زیاتر مژوو هیچ لایەکتان نابەخشێت لەم ستەمکارییە کە لەلایەن کابینەی نەهەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پیادەکرێت.

داواتان لێدەکەین پێلە بکەن لە هەوەستی خەتان و بەرپرسیاربن لە ئاست سەلامەتی و ئاسایشی هەموو ئەوانەی دەستگیرکراون داوا بکەن دەستبەجێ:

١- چارەنووسی دەستگیرکراوەکان ئاشکرا بکرێت.

٢- ئێگێ بەپارێزەرو کەسوکاریان بەدەن بیانبینن و مافی پارێزگاری لەخەیان هەبێت بە هیچ بەربەستێک.

٣- دەستبەجێ کاری عەمەلی بکرێت بە ئازادکردنی تەواوی دەستگیرکراوەکان.

ئەم کەمیتەیە ئامادەیە بە خستنەڕووی هەر زانیاریەکی پێویست

دەربارەی زیندانیەکان .

لەگەڵ ڕەزماندا.

چاوەڕوانی وەڵام و هەوڵستی بەپەلەی ئەوین.

هاوپێچ/ بەیانی ڕاگەیاندنی کۆمیتەکە.

.کۆمیتەی داکۆکی لە مافو ئازادییەکان/ هەرێمی کوردستان–عێراق



١٩ /١١/٢٠٢٠